# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**٤٦٣**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٦٣ – ڕەشەممە – فێوریەی ٢٠٢٥


**سەروتار**

## بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دژەشۆڕشی ئیسلامی چۆن بە دەسەڵات گەیشت

لە سەروبەندی ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندان داین. ڕژیمی ئیسلامی بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ٢٢ی ڕێبەنداندا ڕوویان داوە، ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی ڕژیمی پاشایەتی کردبە ١٠ ڕۆژ و ناوی "دەیەی فەجر"ی لەسەر دانا. بەڵام ئەوەیکە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ڕووی دا نە تەنیا بەرهەمی فەرمانی خومەینی و ڕەوتی ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەی مەیلی ئەوان ڕووی دا

لەماوەی ئەو دە ڕۆژەدا کە ڕژیمی ئیسلامی لەژێرناوی دەیەی فەجر جێژنی بۆ دەگرێت، بە شایەدی بەڵگە مێژووییە حاشاهەڵنەگرەکان، خومەینی بەردەوام خەڵکی لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین دەسڵەماندەوە و هاواری لایەنگرانی کە دەیانگوت "هێشتا ئاغا فەرمانی جەهادی نەداوە" لە هەموو شوێنێك بەرز ببۆوە. تەنیا کاتێك کە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین بوو بە ئەمری واقع، هەوڵیان دا تا بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەڵام خەڵك کە هەستیان بە مەترسی زەوتکرانی شۆڕش کردبوو، بایەخیان بەم قسانە نەدەدا و بەمجۆرە هێرش بۆسەر ناوەندەکانی دەسەڵات کە لایەنگرانی خومەینی دەیانویست دەستنەخواردوو تەحویلی وەربگرن، دەستی پێکرد. ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندان کە لووتکەی شۆڕشی ٥٧ بوو، بابەتی سەرکوتی شۆڕشی بۆ ڕژیمی بەدەسەڵات گەیشتوو لە ساڵانی دواییدا دژوارتر کردەوە. هەربۆیە سەرەنجام ئەرکی سەرکوتی شۆڕش کە ڕژیمی شا نەیتوانیبوو بەسەرەنجامی بگەیەنێت، ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٦٠دا کۆتایی پێهێنا

لە ساڵی ١٣٥٧دا جەماوەری خەڵك لە ئێران بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و وەدی هاتنی ژیانێکی باشتر و ئینسانی دژبە ڕژیمی شا ڕاپەڕیبوون و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی یەك ساڵدا سەرتاسەری ئێرانی داگرت. لە ماوەی مانگەکانی پاییزی هەمان ساڵدا بوو کە بێتوانایی ڕژیمی شا لە کۆنتڕۆڵ کردنی باروودۆخەکە بۆ دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕوون ببۆوە. ئەوان دوای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی ڕۆژانەی باڵوێزەکانی ئەمریکا و ئینگلیس کە لە تارانەوە ڕاستەوخۆ چاودێری بارووداۆخەکەیان دەکرد، بەوە گەیشتن کە چیتر پشتیوانی لە شا سوودبەخش نییە و لەوانەیە بارووداۆخەکە بەرەو خاڵێکی بێگەڕانەوە ببات و هەر وەك

## ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی ٨ی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

**بەیاننامەی پلێنۆمی ٨ی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێران و ئەرکی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان**



## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی کۆمەڵە

**لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمان**

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

**سەبارەت بە دەرکردنی دووبارەی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی**

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

**دژبە دەرکرانی دووبارەی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی**

**ئامادەکاری کۆماری ئیسلامی بۆ موعامەلەی نا"شەرافەتمەندانە" لەگەڵ ئەمریکا**

**پلانی ترامپ، کردنەوەی سەرلەنوێی دەروازەکانی جەهەنەم بەڕووی غەززەدایە**

ئەفغانستان، ئێرانیش بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە

دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی بە توانای نەتەوەخوازە لیبراڵەکان کە لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیمی شادا بوون، بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە متمانەیان نەبوو. دەسەڵاتە گەورەکانی ڕۆژاوا، پێویستیان بە سەنگەربەندییەکی نوێ بوو لە بەرامبەر مەترسی چوونەدەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی پشتێنی ئەمنییەتییەك کە پێشتر بەدەوری شۆرەویدا درووستیان کردبوو. دەوڵەتی ئەمریکا هەر لە زووەوە، بەلەبەرچاوگرتنی بواری ماددی و بیر و بۆچوونەکانی ڕەوتی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنی شا، توانا و لێهاتوویی گونجاوی ئەو ڕەوتەی بۆ بوون بە قەڵایەکی دژە کۆمۆنیستی دەبینی. هەر بۆیە ڕاوێژکارە ئەمریکاییەکانی شا و دەربار بە بەردەوامی، "شا"یان بە گرتنەبەری ڕێوشوێن و هەڵسوکەوتی نەرم ونیانتر لە بەرامبەر ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە هان دەدا و هەڵبەت "شا"ش ڕێنوێنیەکانی ئەوانی ڕەچاو دەکرد

بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە کتێبەکانی عەلی شەریعەتی بە هەزاران نوسخە چاپ و بە ئاشکرا بڵاو دەکرانەوە و ناوەندی فەرهەنگی حوسەینیەی ئیرشاد لە تاران بە ئیمکاناتێکی فراوان و چاپخانەی پێشکەوتووەوە لە خزمەت ئەو و هاوفیکرەکانیدا بوو و هەروەها گۆڤاری مەکتەبی ئیسلام لە شاری قۆم بە ئاشکرا چاپ و بڵاو دەکرایەوە، هەڵسووڕاوانی چەپ تەنها بە هۆی هەبوونی نامیلکەیەکی مارکسیستی دەبوایە ساڵانێك حەبس و زیندانی درێژماوەیان تەحەمول کردبایە

بە درێژایی شەڕی سارد، هەروەك سەردەمی ئێستا، دەوڵەتی ئەمریکا وەك سیاسەتێکی دیاریکراو، نە تەنیا دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی خۆی لە ڕووخان و هەرەسهێنان دەپاراست، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا دەیویست نیونیگایەکیشی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕژیمانەوە بێت و هاوپەیمانانی داهاتووی خۆی، لە ناویاندا بدۆزێتەوە و دەست نیشانیان بکات. چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بە دەستەوەن کە دەریدەخەن، ئەمریکا لە ڕێگای جۆراجۆرەوە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسانی ناو ئوپۆزیسیۆنی ئێران پەیوەندی هەبووە کە دواتر لە حکومەتی نوێی ئیسلامیدا ئەو کەسانە پۆست و مەقامی گرینگیان وەرگرتووە. بۆ نموونە پاش چوونی خومەینی بۆ پاریس، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێوەکرد و هێندێك قەرار و بەڵێنیان لە یەکتر وەرگرت. سەرەنج و بایەخ دان بە توانای ڕەوتی ئیسلامی وەك سەنگەرێك لە بەرامبەر یەکیەتی سۆڤیەت تەنیا تایبەت بە ئێران نەبوو. بۆ نموونە دەوڵەتی ئەمریکا پاش ڕووخانی دەوڵەتی "زاهیرشا" لە ئەفغانستان، وەها سیاسەتێکی گرتەبەر و حیسابی لەسەر نەیارانی ئیسلامی ڕژیمی کابوڵ کردەوە. لافاوی پارە و چەکی ئەمریکایی لە ڕێگەی پاکستانەوە، حەرەکەتی ئیسلامی لە ئەفغانستان بەهێز کرد و سەرەنجام بەدەسەڵاتی گەیاند و تاڵەبان و ئەلقاعیدەی ئەمڕۆ منداڵانی یاخی و سەرکێشی هەر ئەم سیاسەتەن. سەبارەت بە ئێرانیش هەم دەوڵەتی ئەمریکا و هەم هاوپەیمانانی ڕۆژاوایی بەوە گەیشتبوون کە ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەنگەرگرتن لە بەرامبەر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا، گەلێك پۆتانسیەلی بەرچاو و سەرەنجڕاکێشی هەیە

لە وەها هەلومەرجێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئوروپاییەکانی لە کۆنفرانسی (گوادولۆپ)دا ڕژیمی شا و داهاتووی ئێرانیان تاوتوێ کرد. ئەوان لە لایەکەوە تێکڕا بەوە گەیشتن کە چیتر پێویست ناکات پشتگیری ڕژیمی شا و دەربار بکەن و لە لایەکی ترەوە بڕیاریاندا پێداویستییەکانی کۆنترۆڵی شۆڕش، بۆ ڕەوتی ئیسلامی دابین بکەن. لە ڕاستیدا کۆنفرانسی "گوادولۆپ" چارەنووسی ڕژیمی شای دەستنیشان کرد و هەوڵ و چالاکییەکانی وڵاتە ڕۆژاواییەکانی بۆ دانانی خومەینی لە جیاتی شا، هاوئاهەنگ کرد. پاش ئەو بڕیار و ڕێکەوتنانە، ئەرتەش ڕایگەیاند کە، بێلایەنە و ماشێنی تەبلیغاتی ڕۆژئاوا بەقازانجی ڕەوتی ئیسلامی کەوتە کار. ئەوان لەو کاتەدا بە باشی دەیانزانی کە دەوڵەتی "شاپووری بەختییار" توانایی



کونترۆڵی شۆڕش و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوای، لە بەرامبەر مەترسی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتدا نییە. دەوڵەتی بەختیار وەك دەرفەتێك سەیر دەکرا تا لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەودا مەجالی ئەوەیان هەبێت کە لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی بە ڕێکەوتن بگەن

دەوڵەتانی ڕۆژاوا نیگەرانی ئەوە بوون کە دەخاڵەتگەریی چاوەڕوان نەکراوی ئەرتەش بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ بەرێتە دەر و ئێران تووشی ناسەقامگیرییەکی دێژماوە بکات. لە ڕوانگەی ئەوانەوە وەها بارودۆخێك، سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی کە ئێران بکەوێتە داوێنی یەکیەتی سۆڤیەتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە "هایزێر" وەك ژێنێراڵێکی بەئەزموون کە نفووزێکی زۆری لەناو فەرماندە باڵاکانی ئەرتەشی شادا هەبوو و لە هەمان حاڵیشدا سیاسەتمەدارێکی کارامە بوو، بە ئامانجی ڕێگری ئەرتەش لە هەرجۆرە کردەوەیەکی کودتاچییانە و بۆ ئامادەکردنی ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی ڕەوانەی ئێران کرا. مەسەلەی ئەساسی ئەوە بوو کە ئەرتەش دەبوایە ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکانی خۆش کردبایە تا ئەوانیش بتوانن لەڕێگەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، شەپۆلە سەرکەشەکانی شۆڕش کۆنترۆڵ بکەن

لە کاتێکدا کە حکومەتی ئیسلامی بە بنبەست گەیشتووە، هەموو باڵەکانی دەسەڵات ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینن. چوونە سەری ٢٠٠٪ی بوودجەی هێزە ئەمنییەکان و ئۆرگانەکانی سەرکوت لەژێرناوی بردنەسەری بوودجەی بەرگریی وڵات، تەرخانکردنی سەدان ملیارد تمەن بە گەڵاڵەی کۆنەپەرستانە و دژەژنی کلینیکەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەدحیجابی، پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام بەتایبەت ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و درێژەی دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕوونی پێگەی سەرکوت لە ستراتێژی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیشان دەدات. بەڵام ئەزموونی هەموو حکومەتە دیکتاتۆرەکان و ئەزموونی ڕووخانی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سووریە جارێکی تر نیشانی دا کە بە پشتن بەستن بە ستراتێژی سەرکوت ناتوانن حکومەتە ئیسلامییەکەیان لە ڕووخان ڕزگار بکەن

لەژێر فشاری قەیرانەکان و بنبەستێک کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێیدا گرفتار بووە، ئەگەری زۆرە سەرانی ڕژێم و کادری ڕێبەری سپای پاسداران، خۆیان بۆ سازشێکی گەورە لەگەڵ ئەمریکا لە پەیوەند لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ئامادە بکەن. سازش لە هاوسەنگییەکی هێزدا کە ڕژێم ئامرازی فشاری "میحوەری موقاوەمەت"ی لەدەستداوە، بێتواناوونی لەبواری دیفاع کردن لە خۆی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل ئاشکرا بووە و لە ناوەوەی ئێرانیش لەگەڵ گرفت و ئاستەنگی زۆر بەرەوڕوو بووەتەوە

لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی دووهەمی سەرۆك کۆماری ترامپ لە واشینگتۆن، ڕاسترین بەشی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران کە ئومێد بەستن بە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بەردەوام یەکێك لە بنەماکانی ستراتێژییان بووە، چاوی هیوایان لە فشاری زۆرینەی ترامپ بڕیوە و جموجۆڵێکی تازەیان تێکەوتووە. ئەمانە لە کاتێکدا ترامپ ئەم هێما دژەژن و دژەپەنابەرە بە قارەمانی ئاشتی پایەدار و پشتیوانی ئازادی، ئاشتی و سەقامگیری لە ئێران و کوردستان پێناسە دەکەن کە ئەزموونی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمەکانی تاڵەبان و سەدام، لەسەر کار لابردنی قەزافی لە لیبی بەزەبری فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ناتۆ، بێجگە لە وێرانی، ئاوارەیی، ناسەقامگیری و هەژاری و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی توندڕەو، ئاکامێکی تری نەبووە

بەڵام بەشی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران لە توێژێکی بەرین و ڕەنگاوڕەنگ لە کۆماریخوازانی لائیک و سێکۆلار، واتە لە سێکۆلار دێموکراتەکان و نێئۆلیبراڵەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا پێکهاتووە. ئەم بەشە لە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی بە پشت بەستن بە ئاراستەی ڕاستی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ستراتێژی خۆی بەڕێوەدەبات و لە کوردستان حیزبە ناسیۆنالیستەکان بە پایەی نفووزی خۆیان دەزانن. ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن بە ئیعتباری هەر ئەم پایە کۆمەڵایەتییەی کە هەیانە، ڕەقیبی سەرەکی بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستین لە خەبات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا. خاڵی لاوازی ئەم بەشەی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی ئێران بەرنامە ئابوورییەکانیانە. ئەوان لە کاتێکدا دەیانهەوێ بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی ئابووری نێئۆلیبرالیسم، موناسباتی سەرمایەداری ئێران بپارێزن و بەڵێنی گەشەی ئابووری دەدەن، کە حکومەتی ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە بە پشت بەستن بە هەمان موناسباتی چینایەتی و بە هەمان مۆدێلی دڵخوازی ئەوان هێزی کاری بەردەوام هەرزان کردووە و نان و کاری و ئازادی و ژیانی ئینسانەکانی زەوت کردووە. بەرنامەی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن بۆ گەشەی ئابووری ئێران، پەرەپێدانی چەوساندنەوە و هەرزانکردنی هێزی کار و بێ مافی کرێکاران و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی جیهانی بە پشتیوانی دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوایە. ئەوان دەیانهەوێ حکوومەتێکی سەرمایەداری و دیکتاتۆری غەیرە دینی بخەنە جێگای حکومەتی ئیسلامی. بەڵێنی درۆینەی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن سەبارەت بە ئازادی سیاسی و

خۆشبژێوی و یەکسانی ژن و پیاو، لە بنەڕەتەوە ناتەبایە لەگەڵ بەرنامەی ئابووری و ستراتێژی ئەوان بۆ پاراستنی موناسباتی سەرمایەداری

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگایەکی بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و حکوومەتی لەپێش نییە. لە وەها هەلومەرجێکدا، نە تەنیا ئەزموونی ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، ئاخێزی شۆڕشگێرانەی ساڵی ١٤٠١، بەڵکوو ئەزموونی هەموو شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم و ئاخێزە ئینقلابییەکانی سەدەی بیست و یەک نیشانیان داوە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێراندا مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وێڕای گەڵاڵەکردنی ئەو داخوازییانەی کە بوونەتە بڕبڕەی پشتی مانگرتنی گشتی و سیاسی، گونجاوترین ڕەوتی پێشڕەوی خەبات بەرەو ڕووخاندنی شۆڕشگێرانەی کۆماری ئیسلامییە. بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دابینکردنی ڕێبەری خۆی لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی، پێویستە بە پشت بەستن بە هەڵسووڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی چینایەتی خۆی پێداویستییەکانی فەراهەم بکات. بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران کە ساڵانە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەڕێوەدەبەن دەتوانن بەستێنێکی زۆر گونجاو بێت بۆ فەراهەم کردنی ئەم پێداویستییانە. چینی کرێکار لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە بەتایبەت لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نەسڵێک لە ڕێبەرانی پەروەردە کردووە و هێناوەتە مەیدان. بە پێکهێنانی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی چڕۆی شوراکانی جەماوەری و کرێکاری بەهێز کردووە و گەشەی پێداون. لەو جێگەوە کە دیواری چین لە نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتن و شوڕا کرێکارییەکاندا نییە، بە گەشەپێدانی زیاتری ئەم بوارە هاوسەنگی هێز زیاتر بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاری و شوڕا کرێکارییەکان دەگۆڕدرێت. لە قۆناغی گوزاری ئێستادا و هەتا پێکهێنانی شوڕا کرێکارییەکان و لەپێناوی شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری پێویستە ئەو بەشە لە چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری کە پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاردا هەیە، بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر ناوەندی وەک شورای هاوئاهەنگی چالاکانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری پێکبێنن و لەم ڕێگەوە تا ئاستێک بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران بۆ ڕێبەری بزووتنەوەی کرێکاری پڕ بکەنەوە. لەبواری سیاسی و لەڕاستای دابینکردنی پێداویستییەکانی بابەتی ڕێبەریدا، چینی کرێکار پێویستە جیا لە خواستە چینایەتییەکانی خۆی ئاڵای خواستە دیموکراتیکەکانی هەموو بزووتنەوە پێشڕەوەکانی ئێستای کۆمەڵگا لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان، بزووتنەوەی خەبات دژبە سزای ئێعدام، بزووتنەوەی ژینگەپارێزی، بزووتنەوەی دایکانی دادخواز و هیتر بگرێتە دەست. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی دیکە لەئاستی سەرتاسەریدا پێویستە هەر لەم ڕاستایەدا بابەتی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە و شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری بخەنە ئەولەوییەتی چالاکییەکانیان

❋❋❋

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی ٨ی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

هەشتەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٨ لە ڕێکەوتی ١٣ و ١٤ی مانگی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی بەرابەر بە ١ و ٢ی فێوریەی ٢٠٢٥ی زایینی بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک چاوەدێر، بەڕێوەچوو. پلێنۆم بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ، سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی ڕێزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کار کرد. یەکەمین دەستووری جەلسەی پلێنۆم ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی




ڕێبەری کۆمەڵە بە پلێنۆم و پێشکەش کردنی پێشنووسی بەیاننامەیەک بوو کە تێیدا "بارودۆخی سیاسی ئێران و ئەرکی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان" درابووە بەر باس و لێکۆڵینەوە

لە ڕاپۆرتی سیاسیدا سەرەتا گەڕانەوەی ترامپ بۆ کۆشکی سپی و دەرکردنی فەرمانی جۆراوجۆر لەوانە هێنانەخواری ئاستی بەڵێنە داراییەکانی ئەمریکا، دژایەتی کردن لەگەڵ پەنابەران و ڕاگەیاندنی شەڕی تەعرەفەکان لەدژی چین، مێکزیک و کانەدا و دەوڵەتانی ئورووپایی و ئیدیعای خاوەندارێتی بەسەر ناوچەگەلێک لە جیهان ئاماژەی پێکرا، کە نیشانەی ئەوەیە جیهان لەگەڵ بشێوی و مەترسی زیاتر بەرەوڕوو دەکاتەوە. زۆرێک لە فەرمانەکانی ترامپ کە ڕەنگدانەوەی بنبەستی بەجیهانی کردنەوە بەپێی مۆدێلی نیئۆلیبرالییە، لەو خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە گۆیا شەڕی تەعرەفەکان دەتوانن لە لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا وەک یەکەمین دەسەڵاتی ئابووری ڕێگری بکات و هێژمۆنی ئەمریکا بەهێز بکاتەوە

لە ڕاپۆرتی سیاسیدا سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەکورتی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد و بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەوتی کۆنەپەرستی تەحریری شام بەپێی سێناریۆی دەوڵەتی تورکیە و ئەمریکا و بە هاوکاری ئیسرائیل ئاماژەی پێکرا. ئەم گۆڕینی دەسەڵاتە کە لەسەر سەری خەڵکی سووریەوە ئەنجام درا، ئەگەرچی خەڵکی سووریەی لە ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و حزوور و کردەوەی جەنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی نەجات داوە، بەڵام لە نەبوونی بەدیلێکی چەپ و ڕادیکاڵ و بەهۆی ئامادەنەبوونی چینی کرێکار و هێزی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ، خەڵکی سووریە لە چاڵێکەوە دەخاتەوە چاڵێکی تر. ئەم ئاڵوگۆڕانە بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندی دێرینەی ئەردۆغان لەگەڵ ڕەوتی کۆنەپەرستی تەحریری شام، دەستی حکوومەتی فاشیستی تورکیەی لە هێرش و لەشکرکێشی بۆسەر خەڵکی کوردستانی سووریە و ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوا ئاواڵەتر کردووە

باسی سەرەکی پلێنۆم بە پێشنووسی بەیاننامەی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی و پێگەی یەکجار قەیراناوی کۆماری ئیسلامی و ئەرک و ئەولەوییەتەکانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان تەرخان کرا. لەم باسەدا وێڕای ئاماژە بە ستراتێژی شەڕی پێشگیرانەی کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە پایەکانی ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی، قەیرانی هەمەلایەنە کە بەرۆکی ڕژیمی گرتووە و ئیفلاسی ئابووری و بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ئاسۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی خەباتی کرێکاری و جەماوەری وەک گونجاوترین ڕەوتی پێشڕەوی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی تەئکیدی لەسەر کرا

لەم بارودۆخەدا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە خۆی لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەرەوڕوو دەبینێت، بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی زیاتر لە هەموو کاتێک پشتی بە ستراتێژی سەرکوت بەستووە و بۆ پێکهێنانی ترس و تۆقاندن لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، ڕووی کردووەتە پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام و ڕەشبگیری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لە لایەکی دیکەوە هەموو نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ناوەندی ڕێبەری سپای پاسداران لەپێناوی مانەوەی حکوومەتدا نەتەنیا لە بواری ئەتۆمی بەڵکوو لە بوارەکانی دیکەشدا ڕووی کردووەتە سازش و تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادا. هەروەها لە بەیاننامەکەی پلێنۆمدا ئاماژە درا بە ڕۆڵی تێکدەری بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران کە چاوی هیوایان لە فشاری زۆرینەی ترامپ و لە دەستتێوەردانی دەسەڵاتی دەرەکی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بڕیوە

لە باسەکانی پلێنۆم سەبارەت بە بەیاننامەکە، بە سەرەنجدان بە بارودۆخی هەستیاری سیاسی ئێران و ڕەوتی لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی، تیشک خرایە سەر ئەولەوییەت و ئەرکەکانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان و شیکردنەوەی ئەم ئەرکانە. دوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سیاسی، هاوڕێیانی بەشداربووی پلێنۆم تێبینی و ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ تەکمیلکردنی بەیاننامەکە ڕاگەیاند و بە کۆی دەنگ کولییاتەکەیان پەسندکرد.

هەروەها کۆمیتەی ڕێبەری هەڵبژێردراوی پلێنۆم ئەرکدار کرا کە دوای گونجاندنی تێبینییەکان دەقی کۆتایی ئامادە و بڵاو بکاتەوە

برگەیەکی دیکەی دەستوور جەلەسەی پلێنۆم ڕاپۆرتی تەشکیلاتی ئۆرگانەکانی کۆمەڵە بوو کە لەلایەن بەرپرسانی ئۆرگانەکانەوە بەنووسراوە و شەفاهی پێشکەش کرا. هاوڕێیانی بەشداربوو لەم بوارەدا کەموکوڕییەکانیان دایە بەر ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ باشتر کردنی چالاکییەکان پێشکەش کرد. هەڵسەنگاندنی مانگرتنی ٣ی ڕێبەندان لە کوردستاان لەدژی پەرەسەندنی حوکمەکانی ئێعدام دەستووری جەلەسەیەکی تری پلێنۆم بوو کە قسە و باسی لەسەر کرا و لەسەر دروست بوونی سیاسەتی کۆمەڵە لەمبارەوە تەئکید کرا

دەستووری جەلەسەیەکی دیکەی پلێنۆمی هەشتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئارایش و تەقسیمی کاری هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لە ئۆرگانە تەشکیلاتییەکاندا بوو. پلێنۆم بەئامانجی هیدایەتی چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵە لەماوەی دوو پلێنۆمدا، لەناو هاوڕێیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هاوڕێیان "ڕەئووف پەرستار، ئێران مروەتی، مەحموود قارەمانی، حەسەن شەمسی، سەلاح مازووجی، خوسرەو بۆکانی، ئیسماعیل کاکەڕەش، ئارام کاکەڕەش و موختار دێهدار"ی وەک کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە هەڵبژارد و دواجار بە هەڵبژاردنی هاوڕێ حەسەن شەمسی وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە کۆتایی بە کاری خۆی هێنا

**کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٤ی فێوریەی ٢٠٢٥ی زایینی

***

**بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

# بەیاننامەی پلێنۆمی ٨ی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێران و ئەرکی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان

بارودۆخی سیاسی ئێران بە خێرایی لە گۆڕاندایە. پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی خەڵک یەک لە دوای یەک دەڕووخێن. دوای ئەوەیکە حیزبوڵلا لە لوبنان زیانی قورسی بەرکەوت و تووشی شکست بوو، سیستمی بەرگری مووشەکی سپای پاسداران لە بەرامبەر هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیلدا هیچی پێنەکرا، ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد دوایین بزماری لە تابووتی ستراتیژی "شەڕی پێشگرانە" و هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" دا. پاش ئەم شکستانە هێزەکانی حەشدی شەعبی و تاقمە ئیسلامییەکانی دیکەی سەربە ڕژیمی ئیسلامی لە عێراقیش زەمینگیر بوون و حوسییەکانی یەمەنیش کەوتوونەتە دۆخێکەوە کە ناچارن پێداچوونەوە بەسەر ستراتیژی مانەوەیاندا بکەن. بەم ڕووداوانە، یەکێک لە پایەکانی ستراتیژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی تێکشکا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ستراتیژی شەڕی پێشگرانە و لەڕێگەی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"ەوە دەیهەویست ببێتە هێزێکی باڵادەستی ناوچەیی و لەم ڕێگەوە سەرەنجی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە و جیهان بەرەو گرینگی وەبەرهێنان لە ئێران ڕاکێشێ و بەستێنی گەشەی ئابووری سەرمایەداری ئێران فەراهەم بکات. سەرانی ڕژیم و فەرماندەکانی سپای پاسداران گەلێک جار وتبوویان کە بۆ ئەوەی ئەمنیەت لە خۆڕەمشار و تاران دابین بکەین دەبێ لە لوبنان و سووریە بەشەڕ بێین. بەڵام ئێستا داڕێژەرانی ئەم سیاسەتە هەم لە لوبنان و هەم لە سووریە شکستیان خواردووە و شەڕ گەیشتووەتە سەنگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێران

قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و ئاکامی گەمارۆکان، ئابووری ئێرانی بردووەتە سەر لێواری داڕمان. لەئێستادا بەرینایی ئەم قەیرانە و پرتووکاوی و وێرانی ژێرخانە ئابوورییەکان، لە قەیرانی سووتەمەنی و کەمبوونی بەرق، لە هاتنەخواری زیاتری بەهای ڕیاڵ، لە تەوەرۆم و گرانی بێسنوور، لە داماوی ڕژیم لە دابین کردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای سالم بۆ هەناسەکێشان، خۆی نیشان داوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی چاوپۆشی ئەمریکا توانیبووی بە بردنەسەری ڕێژەی بەرهەمهێنان و هەرزان فرۆش کردنی نەوت و بە سات و سەودای پشتی پەردە لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ گواستنەوەی دۆلاری نەوت و بە تاڵانکردنی سندووقی خانەنشینان، دەوڵەت لە وەرشکستەیی ماڵی نەجات بدات، لەئێستادا لەگەڵ هاتنە سەر کاری ترامپ لە ئەمریکا و ئاسۆی توندبوونەوەی سزا ئابوورییەکان، بەرەوڕووی کێشە و گرفتی زیاتر بووەتەوە

کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەرینایی ئەم قەیرانە ئابوورییە و بەهۆی سرووشتی چینایەتی سیاسەت و ئەولەوییەتەکانی، ناتوانێ وڵامی داخوازی بەپەلەی چینی کرێکار، خانەنشینان و پەرستاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بداتەوە. ئەم واقعییەتە و گۆڕانی هاوسەنگی هێز بەزیانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی بەهێزتربوونی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی ئیعترازاتی کرێکاری و جەماوەری خستووەتە ئاسۆوە

ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە درێژەی پێشەنگایەتی و دەورونەخشیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی کە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی واتە پایەیەکی ڕژیمی دیکتاتۆری سەرمایەیان تێکشکاند، لەئێستادا هاوکات بە بەشدارییان لە خەباتی خانەنشینان، پەرستاران و زیندانییانی سیاسی بێباکانە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووەتە گۆڕەپانی خەبات بەرامبەر بە یاسا دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی. ژنان وەک یەکێک لە ستوونە




سەرەکییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، زانکۆشیان کردووەتە ناوەندی خەبات لەدژی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی. لە ترسی تووڕەیی و نارەزایەتی ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، یاسای کۆنەپەرستانەی حیجاب و عیفاف کە لە حەوت خانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیبوو، خرایە لاوە و نەیانوێرا بەڕێوەی بەرن. لە ئاکامی خەباتی بوێرانەی ژناندا دیواری جیجابی ئیجباری تێکڕووخاوە. ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەردا سەرکەتنێکی مێژووییان تۆمار کردووە.

دەزگای ئیدئۆلۆژیک و ڕووحانییەتی کۆماری ئیسلامی لە خامنەییەوە بگرە هەتا حەوزەی عیلمییە و قافڵەی ئیمامانی جومعە، ناتوانن مەشرووعییەت بدەن بەو هەمووە شکست و زەلیلییەی کە بەسەر کۆماری ئسیلامیدا هاتووە. ناتوانن مەشرووعییەت بدەن بەو هەمووە هەژاری و فەلاکەتە ئابوورییە، بەو هەمووە بێ مافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و زۆرینەی خەڵکی ئێران گرفتاری بووە. تاکتیکی پەرەپێدانی سەرکوت کارایی ڕابردووی خۆی لەدەست داوە و ناتوانێ کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی حکوومەتی ئیسلامی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی سەرکوت، لەئێستادا بوونەتە قەڵای ئازادیخوازی تێکۆشەران. کەمپەینی سێشەممەکانی "نا بۆ ئێعدام" کە بە داهێنانی بەندکراوانی سیاسی کەوتە ڕێ و زیاتر لە یەک ساڵە درێژەی هەیە و دەیان زیندان لە سەرتاسەری ئێران لەخۆدەگرێت، دەورونەخشێکی گرینگ و بەرچاوی لە کۆمەڵایەتی کردنەوەی بزووتنەوەی دژی




ئێعدامدا بینیوه

هەرچی بنبەستەکان، شکست و ناکامییەکانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران ئاشکراتر دەبێت، کابووسی شۆڕش و هەڵچوونی تۆڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری، سەرانی ڕژیم زیاتر تووشی ترس و خۆف دەکات و کێشمەکێش و ناکۆکی و قەیرانی ناو باندەکانی حکوومەت پەرەدەستێنێت. ئەم کێشمەکێش و ناکۆکییانە خۆیان بوونەتە جۆرێک لە قەیران و میدیاکانی حکوومەت و کۆبوونەوەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیش بوونەتە شوێنی نمایشی ئەم قەیرانە

لە کاتێکدا کە حکوومەتی ئیسلامی بە بنبەست گەیشتووە ، هەموو باڵەکانی دەسەڵات ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە پشت بەستن بە ستراتیژی سەرکوتدا دەبینن. چوونە سەری ٢٠٠٪ی بوودجەی هێزە ئەمنییەکان و ئۆرگانەکانی سەرکوت لەژێرناوی بردنەسەری بوودجەی بەرگریی وڵات، تەرخانکردنی سەدان ملیارد تمەن بە گەڵاڵەی کۆنەپەرستانە و دژەژنی کلینیکەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەدحیجابی، پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام بەتایبەت ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و درێژەی دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕوونی پێگەی سەرکوت لە ستراتیژی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیشان دەدات. بەڵام ئەزموونی هەموو حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و ئەزموونی ڕووخانی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سووریە جارێکی تر نیشانی دا کە بە پشتن بەستن بە ستراتیژی سەرکوت ناتوانن حکوومەتە ئیسلامییەکەیان لە ڕووخان ڕزگار بکەن

لەژێر فشاری قەیرانەکان و بنبەستێک کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێیدا گرفتار بووە، ئەگەری زۆرە سەرانی ڕژیم و کادری ڕێبەری سپای پاسداران، خۆیان بۆ سازشێکی گەورە لەگەڵ ئەمریکا لە پەیوەند لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ئامادە بکەن. سازش لە هاوسەنگییەکی هێزدا کە ڕژیم ئامرازی فشاری "میحوەری موقاومەت"ی لەدەستداوە، بێتوانابوونی لەبواری دیفاع کردن لە خۆی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل ئاشکرا بووە و لە ناوەوەی ئێرانیش لەگەڵ گرفت و ئاستەنگی زۆر بەرەوڕوو بووەتەوە

لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی دووهەمی سەرۆک کۆماری ترامپ لە واشینگتۆن، ڕاسترین بەشی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران کە ئومێد بەستن بە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بەردەوام یەکێک لە بنەماکانی ستراتێژییان بووە، چاوی هیوایان لە فشاری زۆرینەی ترامپ بڕیوە و جموجۆڵێکی تازەیان تێکەوتووە. ئەمانە لە کاتێکدا ترامپ ئەم هێما دژەژن و دژەپەنابەرە بە قارەمانی ئاشتی پایەدار و پشتیوانی ئازادی، ئاشتی و سەقامگیری لە ئێران و کوردستان پێناسە دەکەن کە ئەزموونی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمەکانی تاڵەبان و سەدام، لەسەر کار لابردنی قەزافی لە لیبی بەزەبری فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ناتۆ، بێجگە لە وێرانی، ئاوارەیی، ناسەقامگیری و هەژاری و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی توندڕەو، ئاکامێکی تری نەبووە

بەڵام بەشی سەرەکی ئۆپوزیسیۆنی بورژوازیی ئێران لە توێژێکی بەرین و ڕەنگاوڕەنگ لە کۆماریخوازانی لائیک و سێکۆلار، واتە لە سێکۆلار دێموکراتەکان و نێئۆلیبڕاڵەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا پێکهاتووە. ئەم بەشە لە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی بە پشت بەستن بە ئاراستەی ڕاستی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ستراتیژی خۆی بەڕێوەدەبات و لە کوردستان حیزبە ناسیۆنالیستەکان بە پایەی نفووزی خۆیان دەزانن. ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن بە ئیعتباری هەر ئەم پایە کۆمەڵایەتییەی کە هەیانە، ڕەقیبی سەرەکی بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستین لە خەبات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا. خاڵی لاوازی ئەم بەشەی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی ئێران بەرنامە ئابوورییەکانیانە. ئەوان لە کاتکێدا دەیانهەوێ بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی ئابووری نێئۆلیبڕالیسم، موناسباتی سەرمایەداری ئێران بپارێزن و بەڵێنی گەشەی ئابووری دەدەن، کە حکوومەتی ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە بە پشت بەستن بە هەمان موناسباتی چینایەتی و بە هەمان مۆدێلی دڵخوازی ئەوان هێزی کاری بەردەوام هەرزان کردووە و نان و کاری و ئازادی و ژیانی ئینسانەکانی زەوت کردووە. بەرنامەی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن بۆ گەشەی ئابووری ئێران، پەرەپێدانی چەوساندنەوە و هەرزانکردنی هێزی کار و بێ مافی کرێکاران و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی جیهانی بە پشتیوانی دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوایە. ئەوان دەیانهەوێ حکوومەتێکی سەرمایەداری و دیکتاتۆری غەیرە دینی بخەنە جێگای حکوومەتی ئیسلامی. بەڵێنی درۆینەی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن سەبارەت بە ئازادی سیاسی و خۆشبژێوی و یەکسانی ژن و پیاو، لە بنەڕەتەوە ناتەبایە لەگەڵ بەرنامەی ئابووری و ستراتێژی ئەوان بۆ پاراستنی موناسباتی سەرمایەداری

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگایەکی بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و حکوومەتی لەپێش نییە. لە وەها هەلومەرجێکدا، نە تەنیا ئەزموونی ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١، بەڵکوو ئەزموونی هەموو شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم و ئاخێزە ئینقلابییەکانی سەدەی بیست و یەک نیشانیان داوە کە لە بارۆدۆخی ئەمڕۆی ئێراندا مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وێڕای گەڵاڵەکردنی ئەو داخوازییانەی کە بوونەتە بڕبڕەی پشتی مانگرتنی گشتی و سیاسی، گونجاوترین ڕەوتی پێشڕەوی خەبات بەرەو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییە. بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دابینکردنی ڕێبەری خۆی لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی، پێویستە بە پشت بەستن بە هەڵسووڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی چینایەتی خۆی پێداویستییەکانی فەراهەم بکات. بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران کە ساڵانە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەڕێوەدەبەن دەتوانێ بەستێنێکی زۆر گونجاو بێت بۆ فەراهەم کردنی ئەم پێداویستییانە. چینی کرێکار لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە بەتایبەت لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نەسلێک لە ڕێبەرانی پەروەردە کردووە و هێناوەتە مەیدان. بە پێکهێنانی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی چرۆی شۆراکانی جەماوەری و کرێکاری بەهێز کردووە و گەشەی پێداون. لەو جێگەوە کە دیواری چین لە نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتن و شۆرا کرێکارییەکاندا نییە، بە گەشەپێدانی زیاتری ئەم بوارە هاوسەنگی هێز زیاتر بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆرا کرێکارییەکان دەگۆڕدرێت. لە قۆناغی گوزاری ئێستادا و هەتا پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان و لەپێناوی شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری پێویستە ئەو بەشە لە چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری کە پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاردا هەیە، بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر ناوەندی وەک شۆرای هاوئاهەنگی چالاکانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری پێکبێنن و لەم ڕێگەوە تا ئاستێک بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران بۆ ڕێبەری بزووتنەوەی کرێکاری پڕ بکەنەوە. لەبواری سیاسی و لەڕاستای دابنیکردنی پێداویستییەکانی بابەتی ڕێبەریدا، چینی کرێکار پێویستە جیا لە خواستە چینایەتییەکانی خۆی ئاڵای خواستە دیموکراتیکەکانی هەموو بزووتنەوە پێشڕەوەکانی ئێستای کۆمەڵگا لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی خەبات دژبە سزای ئێعدام، بزووتنەوەی ژینگەپارێزی، بزووتنەوەی دایکانی دادخواز و هیتر بگرێتە دەست. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی دیکە لەئاستی سەرتاسەریدا پێویستە هەر لەم ڕاستایەدا بابەتی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە و شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری بخەنە ئەولەوییەتی چالاکییەکانیان

لەم قۆناغەدا، بارودۆخی سیاسی ئێران و پێگەی حکوومەتی ئیسلامی، لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان وەک بەشێک لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەرتاسەری ئێران ئەرک و ئامادەیی تایبەت دەخوازێت

هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بە بەرینایی شار و گوندەکانی کوردستان لە تۆڕێکی بەریندا پێگەوە پەیوەندییان هەیە. ئەم توێژە لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە جەرگەی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە جەرگەی ڕێکخستنی مانگرتنە گشتییەکان لە کوردستان، لە جەریانی ڕێکخستنی یارمەتی بۆ زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزە و لافاو و هیتر، ڕێکخستنی ئاکسیۆن و گوڵگەشتەکان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن و ڕۆژی جیهانی کرێکار، لە جەریانی ئاخێزە جەماوەرییەکان و هیتر، یەکتریان ناسیوە و پێکەوە پەیوەند دراون. لە جەریانی ئەم چالاکییانەدا متمانەیان بە یەکتر کردووە.

لە بارودۆخی ئێستادا چالاک کردنی ئەم پەیوەندییانە، قایمکردن و پەرەپێدانیان بەرەو چالاکان و کەسایەتییە خۆشناوەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی و کۆمەڵایەتی و باقی تێکۆشەرانی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان، یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەیە

لەم قۆناغەدا پێویستە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە زیاتر لە هەموو کاتێک لە پێگەی ڕێکخەر و ڕێبەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگادا دەرکەون. هەوڵ بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەی دژی بێکاری، وەڕێخستنی نارەزایەتی جەماوەری دژبە گرانی و نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە شارەکان و یارمەتیدان بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە پێویستە ببێتە ئەولەوییەتی چالاکییەکان. ئەو ئاژیتاتۆر و موبەلیغانەی کە لە جەرگەی چالاکییەکانی ئێستادا پەروەردە بوون، دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هێنانە مەیدانی جەماوەری نارازیدا هەبێت

یارمەتیدانی ڕێکخستنی کرێکارانی بیناسازی و پرۆژەیی و کرێکارانی شارۆچکە سەنعەتییەکان بابەتێکی گرینگە. پێویستە ڕێکخستنی کرێکارانی شارۆچکە سەنعەتییەکان کە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیە بایەخێکی تایبەتی پێبدرێت. بۆ نموونە کار و چالاکی لە ناو کرێکارانی کارگەکانی بەرهەمهێنان، مێکانیکی، سافکاری، نەقاشی، توودووزی، دینام ساز و باتری سازی و هیتر، بۆ کۆمەڵە لە کوردستان ئەولەوییەتی هەیە. پێویستە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئێستا بەهێز بکرێن و یارمەتی بدرێت بۆ پێکهێنانی باقی ڕێکخراوە چینایەتییەکانی ئەم بەشە لە کرێکاران بۆ ئەوەی لەگەڵ باشتربوونی هاوسەنگی هێز بەخێرایی جەماوەری ببنەوە

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکان ڕوویان کردووەتە کۆڵبەری، پێویستە سەبارەت بە بارودۆخی ژیان و کاری کرێکارانی کۆڵبەر و ئەو مەترسییانەی هەرەشە لە ژیانیان دەکات لەلایەن هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەوە بەردەوام کاری هۆشیاریدەرانە بکرێت و بە پەرەپێدانی تۆڕەکانی پەیوەندی لەناو ئەم بەشە لە کرێکاران و زەحمەتکێشان، کۆمەک بە سازماندانیان بکرێت.

بنەماڵەی بەندکراوانی سیاسی پێویستییان بە یارمەتی و هاوکارییە. یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی چالاکی ئێمە لە کوردستان دەبێ بەرقەرارکردنی پەیوەندی نزیک لەگەڵ ئەم بنەماڵانە و یارمەتیدانیان بێت، بەتایبەت لە بواری پێکهێنانی کۆمیتەکانی دیفاع لە بەندکراوانی سیاسی

بنەماڵەی گیانبەختکردووان و دایکانی دادخواز بەسەرەنجدان بەو ژان و ئازارە قووڵانەی کە تەحەمولیان کردووە، بەسەرەنجدان بە دەورونەخشێکی کاریگەر کە دەتوانن لە ئاخێزە نارەزایەتی و جەماوەرییەکاندا بیانبێت، شیاوی زۆرترین پشتیوانی و هاوکارین. کەوابوو پێویستە چالاکانی ئێمە بایەخێکی تایبەت بەم بوارە بدەن.

موعەلیمانی تێکۆشەری کوردستان و خانەنیشنان بە پەیوەندییان لەگەڵ موعەلیمان و خانەنشینانی سەرتاسەری ئێران لە جەریانی مانگرتن و نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ساڵانی ڕابردوودا تا ئاستێک ڕیزەکانیان ڕێکخستووە. پێویستە ئەم هەوڵانە بەرز بنرخێنین. پێویستە یارمەتیدەر بین بۆ ئەوەی ئەم ڕێکخستە بەرەو هەموو خوێندنگا و شارەکانی کوردستان پەرەبستێنێت. پێویستە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی موعەلیمانی تێکۆشەر، لە پێکهێنانی ناوەندەکانی خوێندکاران لە مەدرەسەکاندا یارمەتیدەر بین



ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە گەڕەکەکانی پەراوێزی شارەکان و دێهاتەکان لەناو شوڕا و ئەنجومەنەکان دەتوانێ لە هێنانە مەیدانی هێزی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری ژندا ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەبێت. هێنانە مەیدانی ئەم هێزە مەزنە و کۆمەک بە ڕێکخستنی، یەکێک لەو بوارانەیە کە پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر

لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕش و لەگەڵ گۆڕانی زیاتری هاوسەنگی هێز بە قازانجی ڕاپەڕینی شار و شۆڕش، پێویستە دەستبەجێ شوڕاکان و باقی ناوەندەکانی جەماوەری لە گەڕەکەکانی شارەکان، شارۆچکە و گوندەکان دامەزرێن. دەبێ ئامادە بین کە لەگەڵ سست بوونەوەی پایەکانی دەسەڵاتی ڕژیم لە کوردستان و پاشەکشە کردنی، ژنان و پیاوانی ڕێکخراو لەناو شوڕاکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری کۆنترۆڵ و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرن.

هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە پێویستە لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی دەستپێکی لێکهەڵوەشانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە کوردستان، گرتنەوە و چەککردنی پایەگا نیزامییەکانی دوژمن بخەنە دەستووری کارەوە. بەلەبەرچاوگرتنی بوونی سونەتی خەباتی چەکداری لە کوردستان، وە بەهۆی وجوودی هەزاران کادری بەئەزموون کە خەباتی چەکدارییان تەجروبە کردووە، دەکرێ لەگەڵ لێکهەڵوەشان و هەرەسهێنانی هێزەکانی ڕژیم لە کوردستان دەست بە کاری هێنانە مەیدانی خەڵک بکرێت بۆ چەک کردنی پایەگا نیزامییەکان.

پێویستە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان لەئاستی جەماوەریدا چەکدار بکرێن و بە هێزی چەکداری خۆیان لە دەسەڵات و دەستکەوتەکانیان پارێزگاری بکەن

هەرچی لە سەردەمی ڕاپەڕینی سیاسی و شۆڕشگێرانە نزیکتر دەبینەوە، هەوڵی ڕەوت و گرووپە کۆنەپەرستەکان بۆ پێکهێنانی تەفرەقەی نەتەوەیی و ئایینی زیاتر دەبێت. پێویستە بە هۆشیارییەوە ئەم تەفرەقانەوەیە پووچەڵ بکرێتەوە

لە بارودۆخێکدا کە ڕیزبەندی هێزەکانی بەرەی چەپ و ڕاست لە کوردستان لەسەر بەستێنی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا ڕوونتر و شەفافتر دەبێتەوە، لە کاتێکدا کە بەشێک لە حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ "ڕووخاندن"ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چاوی هیوایان لە فشاری زۆرینەی ترامپ بڕیوە، وە بۆ زەوتکردنی دەسەڵات لەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە پلان دادەڕێژن، هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە پێویستە خەڵکی کوردستان لەژێر نفووزی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە بێننە دەر. وە باوەڕ بە هێزی خۆیان و هێزی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە سەرتاسەری ئێران بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێرانەی حکوومەتی ئیسلامی هەرچی زیاتر بەهێز بکەن. نابێ ڕێگە بە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بدرێت لەسەر سەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستانەوە، دەسەڵات زەوت بکەن

هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە جەرگەی ئەم چالاکییانەدا پێویستە پایەی کۆمەڵایەتی و نفووزی شوڕای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان پەرەپێبدەن و بە پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران دەورونەخشی خۆیان بۆ مسۆگەرکردنی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان هەتا هەڵکردنی ئاڵای سەرکەوتن و دەسەڵاتی شوڕایی خەڵک لە کوردستان، بەجێ بێنن

لەڕێگەی ئەم چالاکییە شۆڕشگێرانە و کاری نەخشەمەند و ڕێکخەرانە دەتوانین دەرفەتی تازە بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان پێکبێنین. دەتوانین لەو دەرفەتانەی کە پێش دێت بەشێوەی گونجاو کەڵک وەرگرین و ئەو مەترسییانەش کە هەرەشە لە خەڵکی کوردستان دەکەن پووچەڵ بکەینەوە

ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

فێوریەی ٢٠٢٥ی زایینی

***

# بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## سەبارەت بە دەرکردنی دووبارەی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی کەمپەینی دیفاع لە شەریفە محەممەدی لە ۲۵ی ڕێبەندانی ۱۴۰۳ و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی دیکە و بەوتەی پارێزەرانی ئەم چالاکە کرێکارییە، لقی دووی "دادگای ئینقلابی ئیسلامی" لە ڕەشت دووبارە حوکمی ئێعدامی بۆ ناوبراو دەرکردووەتەوە. شەریفە محەممەدی یەکەم جار لە ڕێکەوتی ۱۸ی پووشپەڕی ئەمساڵدا بەتۆمەتی بەشداری کردن لە ڕاپەڕینی چەکدارانە لەدژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەلایەن لقی یەکی "دادگای ئینقلابی ئیسلامی"ی ڕەشت بە ئێعدام مەحکووم کرا. ئەم حوکمە لە ڕێکەوتی ۲۱ی مانگی ڕەزبەردا لەلایەن دیوانی باڵای ڕژیمەوە هەڵوەشایەوە و بۆ لێکۆڵینەوەی دووبارە ڕەوانەی لقی دووی ئەم دادگایە لە ڕەشت کرا. ئەم بێدادگایەی ڕژیم بۆ جاری دووهەم شەریفە محەممەدی چالاکی کرێکاری بە ئەندامیەتی لە "کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" و ئەندامیەتی لە کۆمەڵە، کە لە یاسای کۆنەپەرستانەی فێقهیدا پێی دەوترێ "بەغی"، تۆمەتبار کردووە و حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاندووە. شەریفە محەممەدی لە کاتی موحاکەمەدا ئەمجاریش ئیجازەی حزوور لە دادگای پێنەدرا و تەنیا لەڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە لە ناوەوەی زیندانەوە توانی وڵامی پرسیارەکانی قازی بداتەوە و کاتێکی کەمیش بە پارێزەرەکانی درا کە دیفاعی لێ بکەن. بەپێی ڕاپۆرتەکان "محەممەد عەلی دەرویش گۆفتار"، قازی لقی دووی "دادگای ئینقلاب"ی ڕەشت کە ئەم حوکمەی پەسند کردووە، کوڕی قازی لقی یەک "ئەحمەد دەرویش گۆفتار"ە کە حوکمەکەی پێشتر ئەو بۆی دەرکردبوو. شەریفە محەممەدی کە لە ڕێکەوتی ۱۴ی سەرماوەزی ۱۴۰۲دا بە تۆمەتی چالاکی تەبلیغی لەدژی نیزامی ئیسلامی دەستگیر کرابوو ئێستا ۱۴ مانگە لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دەبات و لەم ماوەیەدا زۆر جار لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دراوە.

ئەم حوکمە جەنایەتکارانەیە لە کاتێکدا دووبارە بۆ ئەم چالاکە کرێکارییە دەرکراوە کە بەپێی ڕاگەیاندنی ڕەسمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە کە لە ڕێکەوتی ۱۴ی مانگی پووشپەڕی ۱۴۰۳دا بڵاوکراوەتەوە، شەریفە محەممەدی لە هیچ قۆناغێک لە ژیان و کار و چالاکی خۆیدا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ تەشکیلاتی کۆمەڵەدا نەبووە. هێزە ئەمنیەتییەکانی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئیسلامی لە دۆسیەسازییەکی ئەمنیەتیدا شەریفە محەممەدییان بە ئەندامبوون لە " کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" تۆمەتبار کردووە و ئەم ڕێکخراوە عەلەنی و سەربەخۆ کرێکارییەیان سەربە کۆمەڵە ڕاگەیاندووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە "کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" بەردەوام ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی کرێکاری بووە و هیچ پەیوەندییەکی تەشکیلاتی لەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبووە و نییەتی

دەرکردنی دووبارەی حوکمی جەنایەتکارانەی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی هەروەک حوکمەکانی دیکە کە بۆ



چالاکانی کۆمەڵایەتی دەردەکرێ، بەر لەوەیکە ئەحکامێکی یاسایی دژبەم چالاکە کۆمەڵایەتییانە بن، ئەحکامێکی سیاسین و هەموو چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و گشت کۆمەڵگایان کردووەتە ئامانج. لەڕاستیدا ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی یەک لە دوای یەکی حوکمەکانی ئێعدام دەیهەوێ کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. لەکاتێکدا کە پایەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاوی خەڵک یەک لە دوای یەک دەڕووخێن، هەموو باندەکانی حکوومەت ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامییەکەیان لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینن. بردنەسەری بوودجەی هێزە ئەمنیەتییەکان و ئۆرگانەکانی سەرکوت، تەرخانکردنی سەدان ملیارد تمەن بە گەڵاڵەی دژژنی کلینیکەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەدحیجابی، پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدامەکان بەتایبەت ئێعدامی زیندانییانی سیاسی و درێژەی ڕەشبگیری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە سێبەری خۆشی دەترسێ. بێگومان دەرکردنی دووبارەی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی و باقی چالاکانی کۆمەڵایەتی ناتوانێ مانەوەی ئەم دەسەڵاتە تاوانکارە مسۆگەر بکات و ناتوانێ سەرانی ڕژیم لە مۆتەکەی هەڵچوونی تووڕەیی و نارەزایەتی جەماوەری دەرباز بکات.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا دووبارە حوکمی ئێعدامی بۆ شەریفە محەممەدی دەرکردووە کە زیاتر لە یەک ساڵە هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام بەردەوامە. ئەو هەڵمەتەی کە بە داهێنانی بەندکراوانی سیاسی کەوتووەتە ڕێ و لە ناوەوەی ئەشکەنجەخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەدەچێت. سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە قەتڵە حکوومەتییەکان نەتەنیا نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات، بەڵکوو لە ناوەوەی زیندانەکان ئاڵای خەبات لەدژی ئێعدام بەرز کراوەتەوە. لەئێستادا بزووتنەوەی نا بۆ ئێعدام بووەتە یەکێک لە بزووتنەوە موعتەبەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و لەئاستی جیهانیدا دەنگی داوەتەوە. بێگومان ئەمجارە دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ بەهێزتر لە ڕابردوو لە ناوەوە و دەرەوەی زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیم هاوار دەکرێت. کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ جارێکی دیکە داوا لە هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب دەکات کە ناوەوە و دەرەوەی ئێران بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ئیعترازی و بە وتنەوەی دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، کرێکاری زیندانی دەبێ ئازاد بکرێ، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئازاد کردنی شەریفە محەممەدی و سەرجەم زیندانییانی سیاسی و کرێکاران و موعەلیمانی بەندکراو، بخەنە ژێر فشارەوە

سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۲۵ی ڕێبەندانی ۱۴۰۳ی هەتاوی

۱۳ی فێوریەی ۲۰۲۵ی زایینی

***

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە**

# ئامادەکاری کۆماری ئیسلامی بۆ موعامەلەی نا"شەرافەتمەندانە" لەگەڵ ئەمریکا

مەسعوود پزشکیان سەرۆک کۆماری قاڵبووی ناو وەلایەت، دوای وتەکانی ئەم دواییەی خامنەیی سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا، هەڵوێستی خۆی لەمبارەوە بەجۆرێک لێکرد کە لەگەڵ هەڵوێستی "ڕێبەرە مەزنەکەی" یەکبگرێتەوە. پزشکیان ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕێبەندان لە بووشێهر لە کۆبوونەوەی بەناو نوخبەکانی ئەم پارێزگایە سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا بە زمانێکی عامیانە وتی: "دنیا چی بەسەر هاتووە، کەسێک بە ئێمە دەڵێ تیرۆریست و لە مافی مرۆڤ بەرگری دەکات کە خۆی تیرۆر دەکات. لە ئیسرائیل پشتیوانی دەکات و دەڵێ بەدوای ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکەوەیە. هەموو ڕێگاکان دەبەستێ و دەڵێ لەگەڵ ئێران موعامەلە مەکەن، دواتریش دەڵێ دەمهەوێ لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکەم. ئەگەر دەتهەوێ گفتوگۆ بکەی بۆچی نامەردی دەکەی؟ بۆچی لە دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئاو و نان و دەرمان و خۆراک ڕێگری دەکەی؟"

عەلی خامنەیی کە پێشتر سەبارەت بە گفتۆگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا چرای سەوزی بە دەوڵەتی پزشکیان دابوو و لەماوەی دوو سێ مانگی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا چەندین دانیشتنی نهێنیی بووە، ڕۆژی هەینی ١٩ی مانگی ڕێبەندان لە کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرماندەکانی هێزی ئاسمانی و پەدافەندی ئەرتەش وتی: "گفتۆگۆ لەگەڵ ئەمریکا نە عاقڵانە، نە هوشیارانە و نە شەرافەتمەندایە". ناوبراو کە بۆ یەکەم جار دانی بەوە دانا کە خەڵکی ئێران کێشە و گرفتی زۆریان لەبواری بژێویدا هەیە، وتی: "هێندێک دەیانهەوێ بە ئێمەی قەبووڵ بکەن کە بە گفتوگۆ کردن هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، نەخێر گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانماندا". هەروەها وتیشی: "ئەگەر هەڕەشەمان لێبکەن، هەڕەشەیان لێدەکەین. ئەگەر هەڕەشەکانیان بەکردەوە دەربێنن، ئێمەش هەڕەشەکانمان بەکردەوە دەردێنین". ئەم هەڵیت و پڵیتانەی خامنەیی لە کاتێکدایە کە ئیسرائیل لە مانگی خەزەڵوەری ڕابردوودا بەتەنیایی هێرشی کردە سەر پایەگا مووشەکییەکان، کارخانەکانی دروستکردنی مووشەک و درۆن و سیستمی بەرگری ئاسمانی کۆماری ئیسلامی و زەربەی قورسی لەم ناوەندانەی ڕژیم لە تاران دا. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا نەیتوانی "هەڕەشەکانی" بەکردەوە دەربێنێت.

بەڵام بەهای ئەم وتانەی خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی سەبارەت بە ئەمریکا دەبێ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لە بژێوی هەژارانەی خۆیان بیدەن. بۆ نموونە بەدوای وتەکانی ترامپ و خامنەیی بەهای دۆلاری ئەمریکا کە بنەمای دیاریکردنی نرخەکان لە ئێرانە گەیشتە سەرووی ٩٤ هەزار تمەن. ئەگەرچی بەدوای ڕەوانەکردنی هێندێک دۆلار بۆ ناو بازاڕ بەهاکەی کەمێک دابەزێ بەڵام ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی مانگی ڕێبەندان دووبارە ڕەوتی بەرزبوونەوەی دەستپێکردەوە. کارناسانی ئابووری پێشبینی دەکەن کە بەهای دۆلار هەتا ١٠٠ هەزار تمەنیش بەرز دەبێتەوە کە بە مانای گرانتر بوونی زیاتری پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکە. چوونەسەری بەهای دۆلار ئەگەر لەسەر ژیانی خامنەیی، پزیشکیان و بەرپرسانی دیکەی حکوومەت کاریگەریی نییە، بەڵام لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەتوندی کاریگەری دادەنێت. تا جێیەک کە لەئێستادا بەهۆی گرانی تەنانەت یاڕەڵماسی و هێلکەش خەریکە لەسەر سفرەی خەڵک نامێنێت.



بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، مەرجەکانی دەوڵەتی ترامپ بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هێندە قورس و زەلیلکەرە کە خامنەیی مەجبوور کردووە ئەم کۆبونەوە نمایشییە لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرماندەکانی هێزی ئاسمانی و پەدافەندی ئەرتەش بەڕێوەبەرێت. بۆ نموونە تەوەرەکانی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی نەتەنیا مەسەلەی ئەتۆمی بەڵکوو مووشەک و درۆن، دەخاڵەت نەکردن لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، پشتیوانی نەکردنی دارایی و نیزامی لە گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و هیتر لەخۆدەگرێت. هەڵوێستی ڕاشکاوانە و قۆڵدۆرانەی ترامپ ڕوو بە کۆماری ئیسلامی و بەدیلەکانی بەردەم ڕژیم، واتە "چوونە پای مێزی گفتوگۆ و قەبووڵکردنی هەموو مەرجەکان یان ئیجازەدان بە ئیسرائیل بۆ بۆمباران کردنی دامەزراوە مووشەکی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی زۆرترین سزای ئابووری"، هەر ئەوەمان پێ نیشان دەدات

بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە وتەکانی خامنەیی نەک بە مانای خۆبواردنی ڕژیمی ئیسلامی لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا، بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کە خامنەیی نایهەوێ بەرپرسایەتی ئاکامەکانی وەها گفتوگۆیەکی سەرشۆڕانە وەئەستۆی خۆی بگرێت. ناوبراو پێشتریش بە نیشانەی ڕەزامەندی سەبارەت بە گفتوگۆ و دانوستان بە بەپرسانی بەیوەندیداری وتبوو: "ئاگادار بن کە لەگەڵ کێ موعامەلە دەکەن". خامنەیی بۆ قەرەبووکردنەنەی ئەو شکستانەی تووشی بووە چاوی هیوای لە هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان و دەستڕاگەیشتنی بە پارە بڕیوە و لەم بارودۆخەشدا بێجگەلە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا و قەبووڵ کردنی هەموو جۆرە سەرشۆڕییەک، ڕێگایەکی تری لەپێش نییە. بەڵام ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ و سزا ئابوورییەکان ئەگەرچی بۆ کۆماری ئیسلامی لەپێناوی دەستڕاگەیشتنی بە پارە و درێژەدانی سیاسەتەکانی بابەتێکی حەیاتی و گرینگە، بەڵام لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت. لە سەردەمێکدا کە هیچ سزایەکی ئابووریش لەکاردا نەبوو، تەنانەت بەرلە هاتنە سەر کاری ترامپیش کە دەوڵەتی بایدن چاوی لە فرۆشتنی نەوتی کۆماری ئیسلامی بڕیبوو، بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک هەروا سەخت و دژوار بوو

ئەگەرچی پزشکیان دەڵێ کە ئەمریکا ڕێگای ئاو و نان و دەرمان و خۆراکی لە خەڵکی ئێران گرتووە، بەڵام خۆشی باش دەزانێ کە کێشە و گرفت و قەیرانەکان بە لابردنی سزا ئابوورییەکان چارەسەر نابن. چونکە ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارە بەرهەمی توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بنبەستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی نوقمی هەژاری و نەبوونی کردووە. ئەم قەیرانانە ئەگەر بەشێکی بەرهەمی پێکهاتەی سیستەمی سەرمایەدارییە، بەشێکی تری ئاکامی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەمنیەتی لە ناوەوەی ئێران، ئاکامی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەستتێوەردانی ناوچەیی و ئاکامی دزی و گەندەڵی بەرینی ناو حکوومەتی ئیسلامی و ڕانتخۆری باندە مافیاکانی دەزگای ڕووحانییەت و ڕێبەری سپای پاسدارانە کە بە هیچ شێوەیەک چارەسەر ناکرێت.

لەئێستادا ئەگەر پارەیەکیش هەبێت کۆماری ئیسلامی دەیکاتە خەرجی مانەوەی خۆی لەڕێگەی بەهێزکردنی دەزگاێ ئەمنیەتی و نیزامی، لەڕێگەی بردنەسەری کرێی هێزە سەرکوتگەرەکانی لە ناوەوە و ساغکردنەوەی هێزە لێکبڵاوبووەکانی میحوەری موقاومەت لە لۆبنان و سووریە و شوێنەکانی دیکە. دابینکردنی نان و ئاو و خۆراک و دەرمان بۆ خەڵک و چارەسەرکردنی قەیرانی سووتەمەنی، ئاو، ژینگە و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و سڵامەت و تەندروستی خەڵک هیچ پێگەیەکی لە دەستووری کاری سەرانی ڕژیمدا نییە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە ڕابردوو خۆی لەگەڵ ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی کرێکاری بەرەوڕوو دەبینێت، زیاتر لە هەموو کاتێک پەرەپێدانی ستراتیژی سەرکوتی گرتووەتەبەر. بەڵام ستراتێژی سەرکوتەکەشی کاریگەریی ڕابردووی خۆی لەدەستداوە و لەئێستادا تەنانەت زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی کۆماری ئیسلامیش بوونەتە سەنگەری خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بەرگری لە ئازادی بەندکراوانی سیاسی

❋❋❋

# بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

# پلانی ترامپ، کردنەوەی سەرلەنوێی دەروازەکانی جەهەنەم بەڕووی غەززەدایە

دوای ئەوەیکە دۆناڵد ترامپ سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە کۆشکی سپی پێشوازی لە نەتانیاهۆ واتە ئەو کەسەی بەخاتری تاوانی شەڕ لە غەززە حوکمی دەستبەسەرکردنی لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە دەرکراوە کرد، و بۆ ڕێزگرتن لەم جەنایەتکارە ڕایگەیاند: "ئێمە کەرتی غەززە داگیر دەکەین، لەسەر ئەوێ کار دەکەین و دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا دەگرین"، ئەمجارە مارکۆ ڕووبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا چووە ئیسرائیل تا لە نزیکەوە پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی پلانی پاکتاوی نەژادی هەڵسەنگێنێت. نەتانیاهۆ دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕووبیۆ لە کۆبوونەوەیەکی هەواڵنێریدا لە ئۆرشەلیم ڕایگەیاند: "ئێمە سەبارەت بە ئاسۆی جەسوورانەی ترامپ بۆ داهاتووی غەززە گفتوگۆمان کرد و بۆ وەدیهاتنی ئەم ئاسۆیە هاوکاری دەکەین". ناوبراو تەئکیدی کرد کە "ئێمە ستراتێژییەکی هاوبەشمان هەیە، بەڵام هەمیشە ناتوانین وردەکاری ئەم ستراتێژییە بۆ ڕای گشتی باس بکەین". هەروەها مارکۆ ڕووبیۆ بەرگری لە پلانەکەی ترامپ کرد و بە بوێرانە و پێشکەوتنخوازانە وەسفی کرد

گەڵاڵەی بێشەرمانە و داگیرکەرانە ترامپ بۆ دەستبەسەرداگرتنی غەززە و گۆڕینی بۆ "ڕیڤیێرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" درێژەپێدانی جینۆسایدی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین بە پشتوانی ئەمریکا و هاوبەشە ئورووپاییەکانی لەم کەرتەیە. ئەم پلانە کە لەلایەن ڕای گشتی جیهانەوە وەک پلانێک بۆ پاکتاوی نەژادی مەحکووم کراوە، هەتا ئێستا ڕێککەوتنی ئاگربەست لە غەززەی خستووەتە مەترسییەوە و دەستی حکوومەتی نەتانیاهۆی بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە تاوانێک لە غەززە ئاواڵە کردووە. بەپێی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکە بڕیار بوو بۆ قۆناغی دووهەم، لە شازدەهەمین ڕۆژی ئاگربەستدا، گفتوگۆ بۆ ئازادکردنی باقی بەدیلگیراوان، پاشەکشەی تەواوی هێزەکانی ئیسرائیل لە غەززە و "ئارامی پایەدار" دەستپێبکات و قۆناغی سێهەم و کۆتاییش ئاوەدانکردنەوەی غەززە و هەروەها گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوانێک کە کوژراون لەخۆبگرێت. ئەگەرچی لە ١٨ی ژانویەوە هەتا ئێستا نزیک بە یەک مانگ لە دەستپێکی ئاگربەست و دوو هەفتە لە ماوەی دیاریکراو تێپەڕیوە، بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل هێشتا سەبارەت بە بەڕێوەبردنی قۆناغی دووهەم گفتوگۆی نەکردووە و لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە لە شەش هەفتەی یەکەمدا بەردەوام ڕێگری دەکات. بەپێی هێندێک لە ڕاپۆرتەکان، دەوڵەتی ئیسرائیل داوای کردووە کە شەش کەس لە دیلەکان کە قەرارە کۆتایی قۆناغی یەکەمی ڕێککەوتنەکە واتە دوو هەفتەی داهاتوو ئازاد بکرێن، هەر هەموویان ڕۆژی شەممە ٢٢ی مانگی فێوریەی ئازاد بکرێن. نەتانیاهۆ کە بۆ مانەوەی حکوومەتە هاوپەیمانییەکەی لە دەسەڵاتی سیاسیدا پشت بە پارتی ئایینی ڕاستڕەوی سموتریچ دەبەستێت، تا ئێستا لە ترسی ڕووخانی حکوومەت ڕێگری لە دەستپێکردنی خولی دووەمی دانوستانەکان کردووە

بێزالێل سموتریچ کە وەزیری دارایی حکوومەتی نەتانیاهۆیە شەوی شەممە ١٥ی فێوریە هیوای خواست پرۆسەی گواستنەوەی فەلەستینییەکان لە غەززە کە ترامپ پشتیوانی لێدەکات بەم زووانە دەست پێبکات. گوتیشی پێشبینی دەکات ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی دەستپێکردنەوەی بۆردومانەکانەوە جێبەجێ بکرێت. کەوابوو بەدەر لەوەیکەی پلانی پاکتاوی نەژادی ترامپ بۆ غەززە بەهۆی دژایەتی دەوڵەتانی میسر و ئۆردۆن کە قەرارە خەڵکی غەززە بۆ ئەوێ بگوازرێنەوە، تا چ ئاستێک دەتوانێ جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەم پلانە هەتا ئێستاش دەست و باڵی فاشیستە دەسەڵاتدارەکانی ئیسرائیلی بۆ درێژەدانی تاوانی شەڕ و جینۆساید لە غەززە ئاواڵە کردووە. لە ڕاستیدا ترامپ بەم پلانە جارێکی تر دەروازەکانی جەهەنەمی بەڕووی خەڵکی غەززەدا کردووەتەوە



بەپێی پلانەکەی ترامپ کە نەتانیاهۆ بۆ وەدیهێنانی ئامادەبوونی ڕاگەیاندووە، گفتوگۆ بۆ چوونە ناو قۆناغی دووهەمی ئاگربەست واتە پاشەکشەی تەواوی هێزەکانی ئیسرائیل لە غەززە و "ئارامی پایەدار" و هەروەها قۆناغی سێهەم و کۆتایی کە نۆژنکردنەوەی غەززە لەخۆدەگرێت بەتەواوی دەخرێتە لاوە و لەجیاتی ئاوەدانکردنەوەی غەززە، چۆنیەتی دەرکردنی خەڵکی فەلەستین لە غەززە دەبێتە بابەتی سەرەکی. بێگومان پلانی پاکتاوی نەژادی ترامپ بەهۆی موقاوەمەت و خۆڕاگریی خەڵکی فەلەستین لە غەززە و نیگەرانی حکوومەتی میسر و ئوردن و حکوومەتەکانی تری ناوچەکە لەدەرئەنجامە سیاسییەکانی بەشداری و هاوکاری لە جێبەجێکردنی ئەو پلانەدا، شکست دەهێنی. بەڵام بەم حاڵەشەوە نابێ دەستپێکی شەپۆلێکی دیکە لە تاوانی شەڕ و کۆمەڵکوژی لە غەززە لەبەرچاو نەگیرێت. وەزیری دارایی ئیسرائیل لە گفتوگۆ لەگەڵ کەناڵی ١٢ی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە لەژێر فشاری بۆمبارانی قورسدا زۆربەی هەرەزۆری فەلەستینییەکان خۆیان غەززە جێدەهێڵن، بەڵام کێشەی سەرەکی ئیسرائیل دۆزینەوەی ئەو وڵاتانەیە کە ئامادەبن دوو ملیۆن فەلەستینی قبوڵ بکەن

ئیدارەی ترامپ بە ناردنی بۆمبی ٩٠٧ کیلۆگرامی MK-84 بۆ ئیسرائیل (کە لە سەردەمی ئیدارەی بایدندا بەهۆی توانای وێرانکاری زۆریانەوە قەدەغە کرابوون)، ئامرازی بەردەوامی جینۆساید و بۆمبارانی قورسی بۆ حکوومەتی ئیسرائیل دابین کردووە. وەزیری بەرگری ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی فێوریەی ٢٠٢٥ ڕایگەیاند "ئەو بارەی کە ئەمشەو هاتە ناو ئیسرائیل و لەلایەن ئیدارەی ترامپەوە ئازاد کرا، بە سەرمایەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ هێزی ئاسمانی و ئەرتەشی ئیسرائیل. وە بۆ جارێکی دیکە هاوپەیمانێتی بەهێزی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا نیشان دەدات.". حکوومەتەکانی میسر و ئوردن و حکوومەتە عەرەبییەکانی تری ناوچەکە ئەگەری زۆرە لەژێر فشارەکاندا و بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکەی دەوڵەتی ترامپ بۆ غەززە، گرووپی ئیسلامی حەماس بخەنە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی کەرتی غەززە ڕادەستی ڕێکخراوی فەتح بکات و حەماسیش چارەیەکی بێجگەلە قەبووڵکردنی نەبێت.

ئەگەرچی خەڵکی غەززە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشە و فشاری دەوڵەتانی فاشیستی ئیسرائیل و ئەمریکاوە و نەتەوەی فەلەستین لە نێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل، غەززە، لێواری ڕۆژئاوا، کەمپی ئاوارەکان لە ئۆردۆن و شوێنەکانی دیکەدا لەت لەت بووە، بەڵام هیوای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و هیوا بۆ ڕزگاریی ڕاستەقینە هێشتاش هەر زیندووە. تەنیا درێژەدان بە بزووتنەوەی جیهانی دژبە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل و بۆ بەرگریکردن لە ئازادی فەلەستین دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەم میللەتە چەوساوە بگۆڕێت و پلانی پاکتاوی نەژادی ترامپ ڕسوا بکات و شکستی پێبهێنێت و ئاسۆیەکی ئومێدبەخش بەڕووی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بکاتەوە. بزووتنەوەی بەرگری لە ئاشتی و ئازادی لە فەلەستین بەرپرسیارێتی قورسی کەوتووەتە سەر شانی. چونکە ئاوەدانکردنەوەی غەززە بەبێ کۆتایی هێنانی یەکجاری بە گەمارۆی ئەم کەرتە مومکین نییە. چونکە ئەو سیستمەی کە تێیدا تاوانبارانی شەڕ و بڕیاردەرانی جینۆساید لە سزا دەرباز دەبن، هێشتاش بەسەر جیهاندا زاڵە

❊❊❊

## بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## دژبە دەرکرانی دووبارەی حوکمی ئێعدام بۆ شەریفە محەممەدی

بەگوێرەی هەواڵی بڵاوکراوە لەلایەن پارێزەرانی "شەریفە محەممەدی"، ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی دووبارە بۆ ئەم چالاکە ناسراوە کرێکارییە حوکمی ئێعدامی دەرکردووە و جیا لە تۆمەتی تەبلیغ دژی نیزام و ئەندامبوون لە کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، چەندین تۆمەتی بێبنەمای دیکەشی بەسەردا سەپاندووە. دەزگای قەزایی ڕژیمی گەندەڵ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی هیچ کات بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان هەڵسووکەوتی لەگەڵ دۆسیەی بەندکراوانی سیاسی نەکردووە. بەڵکوو هەر چالاکێکی کرێکاری، هەر ژنێکی ئازادیخواز و هەر نەیارێکی سیاسی بە مەیلی خۆی و بەپێی فەرمانەکانی وەلی فەقیە بەهەر تۆمەتێک کە ویستوویەتی تۆمەتباری کردوون و خستوونیە زیندانەوە



نیزامی کۆماری ئیسلامی کە لە بناغەوە لەسەر هەڵاواردن و نابەرابەری دامەزراوە، چالاکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بە تاوان پێناسە دەکات. ئازادبیری و چالاکی سیاسی لەم نیزامەدا بەتوندی سەرکوت دەکرێت و هەرجۆرە دژایەتییەک لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕژیم سزای سەختی بەدواوەیە

کرێکارێک کە بۆ وەرگرتنی حەقدەستی شیاوی خۆی دەێتە سەر شەقام، بە تاوانبار دەناسرێت. خانەنشینکراوێک کە بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی بێباکانە خەبات دەکات لەم نیزامەدا تاوانبارە. ڕێکخستن و سازماندانی کۆمەڵایەتی تاوانێکی گەورەیە. ژنێک کە تەسلیمی جیاکاریی ڕەگەزی نابێت و بۆ بەرگری لە مافە جیهانییەکانی موقاومەت و خۆڕاگری دەکات، تاوانبارە. دەسەڵاتێک کە چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان بەتوندی سنووردار دەکات و چالاکی ژنان بەرەوڕووی حوکمی زاڵمانە و دڕندانە دەکاتەوە

ئەو خەڵکەی بۆ نەمانی ستەمی نەتەوایەتی و دژبە سەرکوتگەری ڕەگەزپەرستانە تێدەکۆشن، هەر هەموویان بەکۆمەڵ بەتاوانبار دەناسرێن. لەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستەدا، ئازادبوون و دەربڕینی بیروبۆچوون بەمانای ڕاستەقینەی وشە، تاوانە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سیاسەتی سەرکوت، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام بۆ زاڵ کردنی ترس و وەحشەت بەسەر کۆمەڵگادا بەکار دێنێت. هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت و باندە گەندەڵەکانی پارێزگاری ئەم ڕژیمە، چەکی سەرکوت وەک ستراتێژی مانەوەی ئەم نیزامە دیکتاتۆر و سەرمایەدار و کۆنەپەرستە بەکاردێنن و لەماوەی ٤٦ساڵی ڕابردوودا لە سیاسەتی سەرکوت وەک سەرەکیترین تاکتیک بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتە نگریسەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە.

ڕژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا دووبارە حوکمی ئێعدامی "شەریفە محەممەدی"ی ڕاگەیاندووە، لەکاتکێدا مەترسی ئێعدامی لەسەر سەری پەخشان عەزیزی، وریشە مورادی و دەیان چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە ڕاگرتووە، لە کاتێکدا دوژمنایەتی لەگەڵ چینی کرێکار، ژنانی تێکۆشەر و هەرجۆرە بزووتنەوەیەکی خەباتکارانە درێژە دەدات کە سەرتاپێی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی بەرەڕووی قەیرانی قووڵی سیاسی، ئابووری، پەراوێزخرانی نێونەتەوەیی بووەتەوە و گەیشتووەتە ئاستی دارمانێکی هەمەلایەنە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە خەڵکی تێکۆشەری ئێران بۆ ساتێکیش لە بەدواداچوونی داخوازییەکانیان پاشگەز نەبوون و دەنگی ئیعتراzi بەردەوامی کرێکاران، ژنان، خانەنشینان، پەرستارانی خەباتکار و هەموو خەڵکی وەگیانهاتوو، ترسی خستووەتە ناو سەران و کارگێڕانی ڕژیمەوە

خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز!

چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی ئێران خەبات لەدژی سزای ئێعدام، ئەشکەنجە و زیندان، خەبات لەپێناوی ئازادیی هەموو بەندکراوانی سیاسی ئەرک و بەرپرسایەتی بەکۆمەڵمانە. ساڵەها تێکۆشان و خەبات لەدژی ئەم ڕژیمە فێری هەموومانی کردووە کە تەنیا بە خەباتی لێبڕاوانە، بە نارەزایەتی گشتی لە کارخانە، زانکۆ و شەقام دەتوانین ئەم ڕژیمە تاوانکارە ناچار بە پاشەکشە بکەین. بێگومان ئەمجاریش تەنیا بە هێزی ئیعترازی کۆمەڵایەتی دەتوانین ڕژیم مەجبوور بکەین حوکمی زاڵمانەی ئێعدامی "شەریفە محەممەدی"، "وریشە موڕادی"، "پەخشان عەزیزی" و باقی بەندکراوان هەڵوەشێنێتەوە.

ئەم ئینسانە ئازادیخوازانە، ئەم بەندکراوە سیاسییە تێکۆشەرانە کە لەناو سیاچاڵەکانی ڕژیمدا زیاتر لە یەک ساڵە هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدامیان درێژە داوە، نابێ بەتەنیا بهێڵینەوە. بە هەر شێوەیەک بۆمان دەگونجێ و لە هەر شوێنێکین ئەرکی سەرشانمانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دژەئینسانی ئێعدام و بۆ ئازادی هەموو بەندکراوانی سیاسی لە هیچ هەوڵێک دەریغ نەکەین.

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە!**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان!**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٤ی فێوریەی ٢٠٢٥ی زایینی

***

## دامەزراندنی تەلەبە لە جیاتی قازی، پڕۆژەی "گۆڕانکاری و پێشکەوتنی دەزگای قەزایی" ڕژیمی ئیسلامی

ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی مانگی ڕێبەندان هەواڵنێری "هرانا" ئۆرگانی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران ئاشکرای کرد کە موحسێنی ئێژەیی سەرۆکی دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی هەفتەی ڕابردوو گەڵاڵەیەکی لەژێرناونیشانی دامەزراندنی تایبەتی تەلەبە بۆ پۆستی دادوەری ئامادە کردووە. بەگوێرەی ئەم یاسایە تەڵەبەکان بە بێ خوێندنی زانکۆ و هەبوونی بڕوانامە دەتوانن وەک قازی دامەزرێن. ئەم یاسا ١٤ ماددەییە تەئکید دەکات کە دامەزراندنی ئەم تەلەبانە لەڕێگەی کەسانی دەست ڕۆیشتوو و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی تایبەت ئەنجام دەدرێت. پڕۆسەی دامەزراندنیان بریتی دەبێت لە تاقیکردنەوەکانی بواری دەروونناسی، وتووێژی عەقیدەتی و سیاسی، لێکۆڵینەوەی مەحەلی، تەئیدی سەلاحییەت لەلایەن "کەسانی متمانەپێکراو" و تێپەڕاندنی دەورەیەکی کورت. ئێژەیی جەلاد ڕایگەیاندووە کە: "ئەم گەڵاڵەیە لەڕاستای وەدیهێنانی ئامانجەکانی بەڵگەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی دەزگای قەزایی"ی ڕژیمە و ڕەوتی دامەزران بۆ تەلەبەکانی حەوزەی عیلمیە ئاسان دەکاتەوە. ناوبراو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە لەم گەڵاڵەیەدا ئەو تەلەبانە دادەمەزرێن کە خاوەن تایبەتمەندی فێقهی، جەهادی و ئیعتقادی بن.

بێگومان دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی لەم بارودۆخەدا پێویستی بە قازی و دادوەر نییە. بەڵکوو پێویستی بە جەنایەتکارانێکی لە جۆری خەڵخاڵی، ئێژەیی، ڕەئیسی، قازی مەقیسە و ڕازانییە کە جەهادی و ئیعتقادی هەڵسووکەوت بکەن و بە بێ هیچ تێبینییەک حوکمی زیندان و ئێعدام دەربکەن. ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەم بەڵگەیە بۆ دامەزراندن باسی دەکات بەڕوونی نیشانی دەدات کە ئامانجی ئەم یاسایەی حکوومەتی ئیسلامی هێنانەسەر کاری دەستەیەک جەللاد لەژێرناوی قازی دایە. کە ئێژەیی ناوی ناوە "ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی". پێوەری دامەزراندنی ئەم تەڵەبانە وەک قازی نەک هەبوونی بڕوانامەی زانکۆ لە بواری مافناسیدا، بەڵکوو تەنیا ناساندنیان لەلایەن کەسانی متمانەپێکراوی حکوومەتە کە لە ناو بازنەی دەسەڵاتدان و دەستیان دەڕوات

دامەزراندنی ئەم ئاخوندانە وەک قازی لە کاتێکدایە کە حەسەن نەورووزی جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی قەزایی و مافی مەجلیسی ئیسلامی ساڵی ڕابردوو لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵێنری تەسنیمی سەر بە سپای پاسداران دانی بەوە دانا کە لەئێستادا زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کارناسی خاوەن بڕاوانامە لە زانکۆکانی مافناسی

لە ئێراندا بێکارن و بەشوێن کارەوەن. بەڵام دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی پێویستی بە قازی شارەزا بۆ دیاریکردنی ئاستی ڕاستەقینەی تاوان و سزا نییە. بەڵکوو پێویستی بە ئاخوندی جەهادی و عەقیدەتییە کە بە بێ بایەخ دان بە مافی ئینسانی ئەو کەسانەی لەگەڵ حکوومەت نین بە بێ هیچ بەڵگەیەک تەنیا بەپێی فەرمانی دەزگا ئەمنییەکان حوکمی ئێعدام و زیندانیان بۆ دەربکەن

یاسای "گۆڕانکاری و پێشکەوتنی دەزگای قەزایی"



حکوومەتی ئیسلامی یانی دامەزراندنی ئاخوندی گوێ لە مست لە جیات قازی و دادوەری شارەزا. دارشتنی وەها یاسایەک نەک لەپێناوی عەدالەت و دادپەروەریدا بەڵکوو بۆ ئەنجامدان و پەرەپێدانی تاوانە و هیچی تر. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە ڕێبەران و حاکمانی ڕژیم لەوپەڕی ترس و وەحشەتدان و دەسەڵاتەکەیان لە مەترسیدا دەبینن. لە بارودۆخێکدا کە حکوومەتی ئیسلامی بەتایبەت دوای شکستی یەک لە دوای یەکی سیاسەتە ناوچەییەکانی و تێکشکانی "میحوەری موقاوەمەت"ەکەی، لاوازتر و زەبوونتر بووە. لە بارودۆخێکدا کە لەگەڵ مانگرتن و نارەزایەتی ڕۆژانەی کرێکاران، ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز، خوێندکارانی پێشڕەو، موعەلیمان و پەرستارانی زەحمەتکێش و ئیعترازاتی خانەنشینکراوان بەرەڕوویە و هیچ وڵامێکی بۆ داخوازییەکانیان نییە. لە بارودۆخێکدا کە بەهۆی قەیران و بنبەستی ئابووری بێوێنە و بەخاتری ئەولەوییەتەکانی، حەق و مووچەی کارمەندانی دەولەتیشی بۆ نادرێ. ناتوانێ ئاو و بەرق و سووتەمەنی و دەرمان و خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی دابین بکات. وە لە یەک کەلامدا ناتوانێ کۆمەڵگا بەڕێوەبەرێت.

یاسای "گۆڕانکاری و پێشکەوتنی دەزگای قەزایی" بە پێوەری کۆنەپەرستانەی جەهادی و ئیدئۆلۆژیکەوە بۆ دامەزراندنی ئاخوند وەک قازی، لەم بارودۆخەدا هەوڵێکی دیکەیە لەپێناوی درێژەی دەسەڵاتی ئیسلامی لەرێگەی ئامرازی سەرکوتەوە. دادگایەک کە تێیدا نە قازی مافناسە و نە تۆمەتبار ڕێگەی بەرگری کردن لەخۆی پێ دەدرێت و نە پارێزەر پێگەیەکی هەیە، دادگای سەحرایی سەردەمی شەڕ بەحیساب دێت کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی پێویستی بەمجۆرە دادگایانەیە

دەرکرانی ئەم بڕیارە لەلایەن دەزگای قەزاییەوە وەک ئۆرگانێکی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەشێک لە هەوڵی حکوومەتە لەپێناوی پەرەپێدانی کەشوهەوای ترس و سەرکوت لە کۆمەڵگادا. کۆماری ئیسلامی بەتایبەت دوای ڕووخانی حکوومەتی ئەسەد زیاتر لە رابردوو نیگەرانی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیەتی لەئاکامی پەرەسەندنی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا. دەستووری ئەکیدی پزشکیان بە هێزە سەرکوتگەرەکان کە نابێ بە هیچ شێوەیەک نارەزایەتی خوێندکاران بەرەو شەقامەکان پەرەبستێنێت، نموونەیەکی دیکە لە ترس و نیگەرانی یەکجار زۆری حکوومەتە لە ئیعترازاتی خەڵک. لەم ماوەیەدا دەستبەسەرکردن بەبیانووی جۆراوجۆر بەشێوەی بەرچاو پەرەیسەندووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی مانگانەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا ئاستێکی بەرینتر لە تاوان و توندوتیژی لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانەوە ئەنجامدراوە. لەم ماوەیەدا ئاماری دڵتەزێنی ئێعدام بەشێوەی بەرچاو زیادی کرووە. حوکمی ئێعدامی ١٠٧ کەس جێبەجێ کراون. دەیان حوکمی تازەی ئێعدام و سەدان حوکمی قورسی زیندان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە دەرکراون و توندوتیژی نیزامی بەردەوام بووە

بەڵام بێگومان هەوڵ و تەقەلای ڕژیمی دۆڕاو و داماوی کۆماری ئیسلامی لە پەنا بردنی بۆ سەرکوت لەرێگەی ئەم تاکتیکانەوە ناتوانێ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کە ئەم ڕژیمە ژیان و گوزەرانیانی خستووەتە مەترسییەوە، چاوترسێن بکات و لە بەدواداچوونی خواست و داواکارییە ڕەواکانیان پاشگەزیان بکات. ئەزموونی ڕووخانی بەشار ئەسەد و حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی دیکە نیشانی داوە کە سەرکوت بە هەر ڕادەیەک وەحشیانە و جەنایەتکارانەش بێت ناتوانێ عەزم و ئیرادەی جەماوەر بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لاواز بکات

❊❊❊

## سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## هۆکاری سەرەکیی کوژرانی "ئەمیر محەممەد خالقی" کۆماری ئیسلامییە!

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی مانگی ڕێبەندان، "ئەمیر محەممەد خالقی" خوێندکاری تەمەن ١٩ ساڵی زانکۆی تاران لە نزیک کوی دانشگاه لەلایەن دوو کەسی مۆتۆرسوارەوە درایە بەر چەقۆ و گیانی لەدەستدا. ئەگەر ئەم ڕەوایەتە قەبووڵ بکەین پێویستە بڵێین کە ڕژیمی



کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگای ئێرانی گەیاندووەتە ئاستێک لە هەژاری و نەهامەتی ئابووری و نائەمنی کە دزی ناو کۆڵان و بازاڕ بەخاتری لەپتاپێک دەستیان داوتە ئەم تاوانە. ئەم ڕووداوانە ڕۆژانە بەردەوام دووپات دەبنەوە. ژنان بەدەستی کەسانی نزیکی خۆیان لە ڕۆژی ڕووناکدا دەکوژرێن. دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنان و منداڵان بەڵام کاردانەوەیەکی جیددی نابیندرێت. بەڵام ئەمجارە بەخاتری خوێندکاربوونی قوربانییەکە و شوێنی کوژرانی، کە وەبیرهێنەرەوەی مێژووی سەرکوت لە کوی دانشگاه بوو، هەواڵی ئەم ڕووداوە بەخێرایی هەموو کۆمەڵگای گرتەوە و سەرەنجی خەڵکی بەرەوخۆی ڕاکێشا.

٢٦ی ڕێبەندان خوێندکارانی زانکۆی تاران لە کۆبوونەوەیەکدا لە حەساری زانکۆ بە دروشمی "خوێندکار دەمرێ بەڵام سەرشۆڕی و ژێردەستەیی قەبووڵ ناکات"، "خوێندکار دەنگ هەڵبڕە، مافت داوا بکە"، "کوشتەمان نەدا کە سازش بکەین، مەسئوولی قاتڵ ستایش بکەین"، "حەراسەت، سپاهی دوژمنی ئێمە ئێوەن" لەدژی نائەمن بوونی زانکۆ ئیعترازیان کرد. ئەم نارەزایەتییانە بەهۆی هێرشی هێزەکانی حەراسەرت یان "لیباس شەخسییەکان" توندوتیژی لێکەوتەوە. کە تێیدا چوار خوێندکار دەستگیرکران و خوێندکارێکی ژنیش بەدەستی هێزەکانی حەراسەت بریندار بوو

هاوکات بەشێک لە بەرپرسانی هەڵپەرستی زانکۆ، لە هەوڵێکدا بۆ هێورکردنەوە و چەواشەکردنی ئامانجەکانی

ناڕەزایەتییەکان، لەناو خوێندکاره ناڕازییەکاندا دەرکەوتن و کەسانی نەناسراو و لیباس شەخسییەکان بە هۆکاری ئەو تێکهەڵچوونانە پێناسە کرد. بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری کە سەرکوتی خوێناوی ساڵەکانی ۱۳۷۸، ۱۳۸۸، بەفرانباری ۹۸ و خەرمانانی ۱۴۰۱ی هەتاوی ئەزموون کردووە لەبیری ناچێتەوە کە هەموو ئەم سەرکوتانە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی ڕژیم لە زانکۆکان ئەنجامدراون. بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی زانکۆ لە سەرەتادا بۆ ئەوەی تاوانەکە بگوازرێتەوە بۆ کەسانی دیکە ڕایگەیاند: ڕووداوەکە لەسەر ئۆتووبان ڕوویداوە و هیچ پەیوەندییەکی بە زانکۆوە نییە. ئەوان خۆیان باش دەزانن کە لەسەر بەستێنی ناڕەزایەتی گشتی خوێندکاران هەر ڕووداوێک دەتوانێ ناڕەزایەتی گەورەتری خوێندکاران بەدوای خۆیدا بهێنێت

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ترسی تەشەنەسەندنی ئەم ناڕەزایەتییانە بۆ دەرەوەی زانکۆ، هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەک کە دەتوانێ خامۆشی بکات و بەلاڕێیدا بەرێت. ئەوان ئاستی ئەم ڕووداوە بۆ تاوانی دوو گەنج نزم دەکەنەوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە وردە دزانی سەر شەقام لەڕووی هەژارییەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە بەرەو ئەنجامدانی تاوان و کوشتن دەڕۆن. بەڵام تاڵانکەرانی سەرەکی و دزە گەورەکان کە هەر هەموویان لە بازنەی دەسەڵاتدان ساڵەهایە لەپێناو بەرژەوەندیاندا ئینسان دەکوژن و بەرهەمی کاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تاڵان دەکەن و خۆیان سەرچاوەی هەژاری و نەهامەتی و سەرهەڵدانی هەموو تاوانەکان لەئاستی کۆمەڵگادان

سەرەنجام کاتێک فریوکاری بەرپرسانی بەکرێگیراوی زانکۆ کاریگەر نەبوو، هەر هەموویان تێکڕا کەوتنە خۆ. بەڕێوبەری بەشەناوخۆیی دەستی لەکار کێشایەوە. سەرۆکی زانکۆ کەسانی نەناسراو و لیباس شەخسی بە تاوانبار دەزانێت. ئەوەی تر داوای لێبوردن دەکات. وە سەرەنجام یەکیان بە زەینی دەگات کە کامێرا دانێن و شەقامەکانی دەوروبەری کوی دانشگاه بکەنە چراخان بۆ ئەوەی دز نەیەت. دەوڵەت و سەرۆک کۆماریش کە هەست بە مەترسی دەکەن دەستوور دەدەن کە بەدواداچوونی بۆ بکرێت و کاربەدەستانی قەزاییش کۆمیسیۆنی بۆ پێکدەهێنن. بەڵام خوێندکارانی ئازادیخواز و خەباتکار ساڵەهایە هاوار دەکەن: "زانکۆ پادگان نییە". ئەوان خوازیاری پاک کردنەوەی زانکۆ و ناوەندەکانی پەروەردەن لە هەرجۆرە هێزێکی ئینتزامی و ئەمنیەتی. ئەوان گەلێک جار داوای دەرکردنی ئەو بەرپرسانەیان کردووە کە لە هەر ئاستێکدا دەستیان لە سەرکوتکردنی خوێندکاراند بووە

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و هاوپۆلەکانی خوێندکاری تێکۆشەر "ئەمیر محەممەد خالقی" دەردەبڕێت. دەوڵەت بەرپرسە لە پاراستنی ئەمنیەتی خوێندکاران لە زانکۆکاندا. ئێمە، دەوڵەت لەئاست کوژرانی "ئەمیر خالقی"دا بە بەرپرسیار دەزانین. لە ناڕەزایەتی خوێندکاران بۆ داخوازی ڕەوایان واتە دەرکردنی هێزە ئەمنیەتییەکان لەوانە حەراسەت، بەسیجی و لیباس شەخسییەکان لە زانکۆکان، ناوەندەکانی پەروەردە و بەشەناوخۆییەکانی خوێندکاران پشتیوانی دەکەین. هەروەها پشتگیری لە داواکاری خوێندکاران دەکەین بۆ خوێندنی بێبەرامبەر و پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی خوێندکاران

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

۲۹ی ڕێبەندانی ۱۴۰۳ی هەتاوی

۱۷ی فێوریەی ۲۰۲۵ی زایینی

**واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست**

**سازمانی ڕاهی کاریگەر**

**سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت)**

**هەستەی ئەقەلییەت**

❋❋❋

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی کۆمەڵە لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمان

ڕۆژی شەممە ۱۵ فوریەی ساڵی ۲۰۲۵ی زائینی ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی کۆمەڵە لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی پێکرد

لەم ڕێوڕەسمەدا، پاش پێشەکییەکی کورت سەبارەت بە مێژوو و خەباتی چەندین ساڵەی کۆمەڵە وەک هێزێکی چەپ وکومونیست لەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هاوڕێ مەحموود قارەمانی، ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەری



کۆمەڵە، قسەوباسێکی پێشکەش کرد

هاوڕێ مەحموود وێڕای ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووان و شۆڕشگێڕانی ئێران و کوردستان و هەروەها هاوڕێ محەممەد حوسێن کەریمی یەکێک لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە و ناردنی سڵاو بۆ هەموو بنەماڵەی گیانبەختکردوانی ڕیزەکانی کۆمەڵە چ ئەوانەی لە سەنگەری شەڕی شۆڕشگێرانەی کوردستان گیانیان بەختکردووە و ئەوانەیش کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە اعدام کراون وهەروەها وێڕای ناردنی سڵاو، خۆڕاگری ومقاومەتی زندانیانی سیاسی لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی وبنەماڵەکانیان کە لە شەڕێکی ڕووبەڕوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدان بەرز نرخاند، ئاماژەی بە خاڵە گرینگەکانی مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە و گرنگی بەشداری کۆمەڵە لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەت کوردستان کرد

هاوڕێ مەحموود ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمەڵە بە گرنگیدان بە هەلومەرجی تایبەتی ئەوسەردەمەی کوردستان وبوونی کۆمەڵگایەکی چینایەتی کە تێدا کرێکار لە لایەن سەرمایەدارانەوە دەچەوسانەوە وبوونی ستەمی نەتەوایەتی کە خەڵکی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەشبوو، بەرەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییە خەبات وتێکۆشانی خۆی پەرەپێدا، بوێری و داهێنانی

کۆمەڵـەی وەک بزووتنەوەیەکـی شۆڕشـگێڕانەی مێـژوو وەسـف کـرد. مێژووسـازیی کۆمەڵـە لـەوەدا بـوو، لـە کاتێکـدا کـە خەباتـی چینایەتـی ئەمـری سـەرەکی بـوو، نەهێشـتنی سـتەمی نەتەوەیـی خەڵکـی کـوردی خسـتە دەسـتووری کاری خۆیـەوە، هاوکاتیـش هێزێکـی خەباتـکار بـوو لـە دژی ڕەوتـە کۆنەپەرسـتەکان و چەکداماڵینـی سـپای ڕزگاری بـە یەکێـک لـە ئەرکـە گرنگەکانـی ئـەو سـەردەمە نابـرد. جگـە لـەوەش دامەزرێنەرانـی کۆمەڵـە لـەو سـەردەمەدا سۆسـیالیزمیان بـە ڕێگاچارەیـەک بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە سـتەمی نەتەوەیـی، سـتەمی چینایەتـی، چەوسـاندنەوەی ژنـان و هتـد دەزانـی و لەسـەر ئـەم بنەمایـە پەلەیـان لـە پێکهێنانـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران بـوو و بـە ئاشـکرا ڕایانگەیانـد



هـاورێ مەحمـود سـەبارەت بـە گۆڕانـکاری و پێشـهاتە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ئێـران وتـی: کـە سێ ئەگـەر چاوەروان دەکرێـت لـە دوای ڕووخانـی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران. گرینگتریـن خـاڵ کـە دەبێـت ڕەچـاو بکرێـت خۆریکخسـتنی چینـی کرێکار وهەمـو بزوتنـەوە کۆمەڵاییتەکانە بـۆ روخاندنی شۆرشـگێرانەی حکومەتـی کۆمـاری ئیسلامییـە، واتـە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییـەکان، بـە ڕێبەرایەتـی چینـی کرێـکار، نـەک هـەر دەتوانـن کۆمـاری ئیسلامـی بڕووخێنـن، بەڵکـو تەنیـا بـەم شـێوەیە دەتوانـن بـە خواسـت و داواکارییەکانیـان بگـەن و کۆتایـی بـە هەمـوو جۆرەکانـی سـتەم لـە نـاو کۆمەڵـگادا بهێنـن ولـە سـەروێرانەکانی کۆمـاری ئیسلامـی نیزامیـک دامەزرێنـن کـە کۆتایـی بەهەمـو سـتەم وبێعەدالەتییـەک بهینـن . بـە لام هـاوکات، ئـەو مەترسـیەش لەئـارا دایـە کـە وڵاتانـی ئیمپریالیسـتی بـە دووبـارە سـازان لـە گـەڵ کۆمـاری ئیسلامـی، کۆمـاری ئیسلامیەکـی کـەمتر مەترسـیدار و بـێ زیـانتر بـۆ وەڵاتانـی سـەرمایەداری تەحەمـۆل بکـەن و ئەمەش ببێتـە هـۆی ئـەوەی کۆمـاری ئیسلامـی لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر دەسـت بـۆ سـەرکوتی خوێنـاویتر ببـات

ئەگـەری سـێیەمیش دەتوانـێ ئـەوە بێـت کـە هێـزە ڕاسـترەوەکان بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ وڵاتانـی ئیمپریالیسـت، بـە زاڵبـوون بەسـەر خەڵـک و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەوڵـی دەستبەسـەرداگرتنی دەسـەڵاتی سیاسـی لەنـاو ئێرانـدا بـدەن

لـە درێـژەی قسـەکانیدا هـاوڕێ مەحمـوود بـە ئامـاژە بـە بارودۆخـی جیهـان و بـە تایبەتـی فەلەسـتین و تاوانەکانـی ڕژیمـی داگیرکـەری ئیسرائیـل لـە فەلەسـتین وجینۆسـایدی ڕۆژانـەی خەڵکـی کەرتی غەززەی شـەرمەزار کـرد و تێوەگلانی ئەمریـکا و وڵاتانـی دیکـەی ئیمپریالیسـتی بـە پێویسـتییەکی مێژوویـی و پێویسـتییەکی حەتمـی بـۆ سیاسـەتەکانی وڵاتانـی سـەرمایەداری زانـی کـە بـۆ بەرەوپێشبردنـی ئامانجەکانیـان لـە هیـچ تاوانێـک درێغـی ناکـەن

هـاورێ مەحمـود ، هەروەهـا ئامـاژەی بـە ڕۆژاوا کوردسـتان کـرد، وێـرای بـەرز هەڵسـەنگاندنی دەسـکەوتەکانیان بـە تایبـەت لەبـواری مافـی یەکسـانی ژنـان، ئامـاژەی بـە مەترسییەکانی پەیوەسـت بـە کانتۆنەکانـی خۆبەڕێوبـەر کـرد و جەختـی لـەوە کـردەوە کـە ڕێبەرایەتـی ڕۆژاوا لـە هیـچ بارودۆخێکـدا نابێـت متمانـە بـە ئەمریـکا بـکات و تەنیـا بـە پشـتبەستن بـە هێـز و خەباتـی جەمـاوەری دەتوانێـت بمێنێتـەوە

لـە درێـژەدا نـاوی ئـەم ڕێکخـراوە سیاسـیانەی خـوارەوە کـە بـە بۆنـەی سـاڵرۆژی کۆمەڵـە پەیامـی پیرۆزباییـان ناردبـوو خوێندرایـەوە

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حیکمەتیست

هەستەی ئەقەلیەت

شـۆرای پشـتیوانی لـە نارەزایەتیەکانـی خەڵـک لـە ئێـران _ کۆڵـن

شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هەوادارانی کۆمەڵە لە شاری بانە

و پارتی ئازادی ژیانی کوردستان (پژاک)

لـە درێـژەدا لـە بەشـداربووان پەزیرایـی کـرا و ڕێوڕەسـمەکە بـە شـایی و هەڵپەڕکـێ کۆتایـی هـات

❊❊❊



# شـێعر

## داستانی شێعری تازە

هـەر ڕۆژێ وا شـێعرێکی تـازە دادەدەم،

وەک چـۆن شـاڵگەردن و ملپێـچ بـۆ وەرزی سـەرما دەچنـم

وشـەی جوانجـوان ڕیـز دەکـەم و دوای دە - پـازدە جـار جـێ گۆڕکـێ

یـەک یـەک هەڵیاندەبژێـرم و وردورد دەیانهۆنمـەوە

بـەڵام هێشـتا نەبۆتـە شـێعرێکی مەییـو،

ناتـەواوە، "ئاوەڵهۆنـراو"ە نـەک هۆنـراو،

دێنم، دەیبەم،

بـە دوو ئەنگوسـت دوێـردی جوانـکاری دەگـرم،

دەینێم لەملای ئەولای،

سەروبنی هەڵدەپاچم،

ڕاست و چەپی میزان دەکەم

کەچـی ناگەمـە نیـوەڕۆ، شـێعری چـی؟ شـاڵگەردنی چـی؟ ملپێچـی وەرزی سـەرما چـی؟

نیوەچناو هەڵیدەوەشێنمەوە،

سەرلەنوێ دایدەدەمەوە:

"گـۆرەوی! گـۆرەوی باشـە، زووتـر بـە دەسـتەوە دەدا"

لای ئێـوارە بـە خـۆم دەڵێـم: دەسـکێش! دەسـکێش

شێعری تازە دادراویش،

وەک ماستی نەمەییو شل شل،

بەملا و ئەولادا دەکەوێ

تـا ئێـوارە، کـێ دەزانـی چـی بە سـە ر د ێ ؟

داستانێکە!

***

بەڵێ وایە، داستانێکە!

هەموو ڕۆژێ هەستێک بەکوڵ

لە قووڵایی هەناومەوە سەرهەڵدەدا

وەک شیرداخی سەر ئاگردانە:

هەڵدەچێ،

قوڵپ دەهاوێ،

بـە چـواردەوری دەفرەکـەدا د ا د ە چـۆ ڕ ێ

دیسان هێور دەبێتەوە،

هەیهوو!

داستانێکە!

***

شـێعری تـازە لەوانەیـە هەوێنێـک بـێ هۆنراوەیـەک بگرسـێنێ

لەوانەشـە نۆبەرێکـی نەبـەکام بـێ زوو لەبـار چـێ، بـە هیـچ دەرچـێ

زۆر جـار هەرچـی هەسـتی تـازەم دێنـم دەبـەم

شـێعری تـازەم لـە سـەرگوڵی کوپلـە شـێعرێک تێناپـەڕێ

بەرهەم نایە،

بۆم نابێتە کارێکی ڕێک

دەبێتە بارێکی لابار

بە سەر شانمەوە لارەولار

***

بازێ جاریش هەڵدەکەوێ

وەک هەڵۆیەکـی تیژپـەڕ و تاڤگەیەکی بەگوڕوتین

لە یەک ئانا،

لە ناو یەک چاوترووکانا

لە سەرقەڵبەز دادەپەڕێ،

دادەبەزێ بۆ بەرقەڵبەز

لەوێ سووک دەنیشێتەوە

دەبێتە شێعرێکی مەییو،

چاوبز وەک بەچکە چۆلەکە

دەخزێتـە نـاو دەفتەرەکـەم، د ا د ە کو ر مـێ

نەرم نەرم بۆخۆی خەوی لێدەکەوێ

**چاوە**

چواری فێبرواری ٢٠٢٢

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسـپێکی بەرنامـەکان، ١٦:٣٠ ، چـوار و نیـوی ئێـوارە
دوپاتـەی دەوری ئـەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شـەو
دوپاتـەی دەوری دوهـەم، ٤:٣٠، چـوار و نیوی سـەر لـە بەیانی
دوپاتـەی دەوری سـێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیـوی بەیانـی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧